**pressmeddelande**
miljöpartiet de gröna

1999-05-28

**Schlaug frågar om kurdernas situation:**

## Strålkastarna på Jugoslavien - kurdfrågan i skuggan

- Det är uppenbart att det helvete som nu utspelas på Balkan har inneburit ökade möjligheter för olika regimer att utöka fortrycket mot kurderna Bl a har Turkiet nu förbjudit de statliga medierna och andra offentliga institutioner att ens antyda förekomsten av en etnisk minoritet i Turkiet. Uttryck som "av kurdisk börd" eller "medborgare av kurdiskt ursprung" får inte användas i fortsättningen Samtidigt har flera kurder dödats som en följd av upptrappat fortryck och västvärldens reaktioner mot en ev dödsdom för Abdullah Ocalan riskerar att i det närmaste utebli i skuggan av det som nu händer i Jugoslavien.

Birger Schlaug ställer idag, torsdag, tre separata frågor angående kurdernas situation. Bl a hur regeringen avser att agera gentemot Turkiets hårdare inställning till kurdernas rätt att kallas kurder samt vad man gör för att förhindra att dödsstraff utdöms för Öcalan. Birger Schlaug vill också ha besked om ev vapenexport till Turkiet trots de strider som pågår mellan militären och kurderna.

**För mer information:** informationssekreterare Caroline Kling, 08-786 57 80

Frågorna bifogas

FRÅGA TILL STATSRÅD
1999-05-27

SVERIGES RIKSDAG

Till statsrådet Leif Pagrotsky

**Ang vapenhandel till Turkiet**

Enligt olika källorna har ytterligare ett hundratal kurder dodats de senaste veckorna, bl a i en operation vid berget Cudi på Turkiets gräns mot Irak och Syrien Ytterligare två dodades i en annan operation nara Diyarbakir.

Turkiet har stora styrkor i det kurdiska området i sydostra delen av landet, med Diyarbakir som huvudort, för att bekämpa kurder

Med anledning av reglerna for svensk vapenexport, som ju innebar att krigsmateriel inte skall exporteras till lander dar strider pågår, måste man stalla sig frågan om regeringen lamnat forhandsbesked rorande svensk krigsmaterielexport - inkl reservdelar och följdleveranser - till Turkiet det senaste året. Och om man avser att lamna det sa länge strider mellan den turkiska statsmakten och kurderna pågår

Min fråga till statsrådet ar foljande

På vilket satt avser statsrådet att, nar det galler krigsmaterielexport, förhindra att Turkiet ar mottagarland?

Birger Schlaug (mp)

banknr 82

Överlamnas enligt uppdrag

**pressmeddelande**
miljöpartiet de gröna

1999-06-07

**Birger Schlaug om regeringens svar:**

## – Hög tid för internationell konferens om kurdernas situation!

– Efter ganska undanglidande svar från ministrarna kan jag bl a konstatera att den svenska regeringen uppenbarligen inte kant till de kränkningar som kurder utsatts för av den turkiska regimen, genom att denna förbjudit kurder att vara kurder! Jag utgår från att utrikesministern nu tar reda på fakta, genom att inte enbart förlita sig på den turkiska ambassaden. .

Det säger Miljöpartiets språkrör Birger Schlaug, sedan han fått fått svar på de frågor han ställde till utrikesminister Anna Lindh och statsrådet Leif Pagrotsky den 27 maj om kurdernas situation

– Det är hög tid for en internationell konferens om kurdernas situation. Det går inte att blunda for att kurderna under lång tid utsatts för samma kränkningar som kosovoalbanerna. Genom att nu driva fram en internationell konferens om kurdernas situation kan man sätta världens ljus på det fortryck som nu råder, samtidigt som man kan tvinga fram lösningar som ger kurderna de rättigheter som alla människor har rätt till. Det handlar naturligtvis då inte bara om Turkiet utan om alla de regimer som ägnar sig åt att förhindra mänskliga rattigheter för kurderna, säger Birger Schlaug

**För vidare information:** Birger Schlaug 070-671 03 54

FRÅGA TILL STATSRÅD
1999-05-27

SVERIGES RIKSDAG

Till utrikesminister Anna Lindh

**Ang kurdernas rätt att vara kurder**

Efter att i några år ha accepterat att det finns kurder i Turkiet, kraver de turkiska myndigheterna på nytt att kurderna raderas ur det allmänna medvetandet I direktiv till de statliga medierna och andra offentliga institutioner har inrikesdepartementet förbjudit vissa formuleringar som antyder förekomsten av en etnisk minoritet i Turkiet Uttryck som "av kurdisk börd" eller "medborgare av kurdiskt ursprung" får inte anvandas i fortsattningen Det skall heta "turkiska medborgare" respektive "turkiska medborgare som i separatistiska kretsar beskrivs som kurder" Inte heller ar det tillrådligt att skriva om "folket i sydostra och ostra Anatolien" Det ska heta "medborgare som bor i ostra Turkiet"

Sedan turkiska republiken bildades i ruinerna av det Osmanska imperiet har myten om landets etniska renhet varit ett barande element i författningen Under decennier användes ordet "bergsturkar" om kurderna, och på 1930-talet talades det till och med om "degenererade turkar som lever bland bergen" Forst under de senaste åren har det varit mojligt att i medierna och andra offentliga sammanhang tala oppet om att det finns en kurdisk minoritet

Min fråga till utrikesministern ar foljande

På vilket satt avser utrikesministern att agera gentemot den turkiska regeringen med anledning av ovanstående?

Birger Schlaug (mp)

banknr 82

Överlamnas enligt uppdrag

Sveriges Utrikesminister, Anna Lindhs uttalande om kurder i EU:s ministermöte

**Despite this progress, the human rights situation around the world gives no reason for complacency. Only a few hours travel from here, the Kurdish people are denied their language, cultural identity and democratic rights in Turkey. Turkey's behaviour towards the Kurds is not acceptable. The international community has to address its continued violations of human rights more clearly. The Turkish Government should meet the democratic forces among the Kurdish people in a dialogue The decision to forbid the Democratic Party of the Masses, an organization not linked to the PKK, is a sign of the contrary. Emergency laws should be lifted. Detained political prisoners released.**



www.arsivakurd.org

PROJEKT

# VÄGAR TILL ARBETE FÖR FUNKTIONSHINDRADE MED UTLÄNDSK BAKGRUND

SIOS

SIOS - SAMARBETSORGAN
FÖR INVANDRARORGANISATIONER
I SVERIGE

Vegagatan 1A
113 29 STOCKHOLM
telefon 08-30 13 60
fax 08-31 92 80

## Bakgrund

Vår erfarenhet av funktionshindrade med utländsk bakgrund är att deras situation leder till isolering och utanforskap. Bristande kunskap om det svenska samhället, avsaknad av kontakter och negativa attityder mot och okunskap om handikapp är några av de faktorer som ligger bakom.

## Syfte

Syftet med projektet är att utveckla metoder, föreslå åtgärder och formulera projekt som leder till att krigskadade och arbetshandikappade med utländsk bakgrund får arbete, sysselsättning eller utbildning. Därmed ökar deras förutsättningar att bli delaktiga i samhället.

## Mål

Målen för projektet är följande:

- ❑ Bereda möjligheter till arbete för krigskadade och arbetshandikappade med utländsk bakgrund
- ❑ Samarbeta med myndigheter, frivilligorganisationer och företag för att utveckla metoder, föreslå åtgärder och formulera projekt som leder till att krigskadade och arbetshandikappade med utländsk bakgrund får arbete, sysselsättning eller utbildning
- ❑ Informera invandrargrupper om dessa människors situation
- ❑ Sprida kunskap till allmänheten om dessa människors situation

## Målgrupp

Projektet ska arbeta med de folkgrupper som finns representerade i följande riksförbund:
* Allserbisk-jugoslaviska riksförbundet
* Assyriska riksförbundet
* Iranska riksförbundet
* Kurdiska riksförbundet
* Turkiska riksförbundet
* Riksförbundet polska föreningar

Projektet ska arbeta på lokal nivå i regionerna Stockholm, Malmö och Göteborg.

## Metod

- ❑ Projektet ska driva ***uppsökande verksamhet*** i samarbete med myndigheter och invandrarföreningar
- ❑ ***kurser, konferenser och seminarier*** ska anordnas för att belysa problematiken och diskutera idéer och utbyta erfarenheter
- ❑ ***nätverk*** ska byggas upp för erfarenhetsutbyte och kunskapsspridning
- ❑ ***informationsinsatser*** för handläggare och andra ska anordnas för att öka kunskap om arbetshandikappade med utlänsk bakgrund

## Projekttid

Projektet startade den 1 juni 1998 och beräknas pågå i tre år.

## Projektorganisation

Projektet leds av en ledningsgrupp som består av representanter för de ovannämnda riksförbunden. Projektet ska bl a drivas med arbetsgrupper i varje riksförbund. En projektledare samordnar och leder fram arbetet. En projektledare samordnar och leder fram arbetet. Han heter Julio Fuentes och nås på SIOS kansli.

www.arsivakurdi.org

بۆچوونێکی جیاواز لە کۆمەڵگاکەیدا لە سەندیکاکان، کۆمەڵەکان (لە کۆمەڵەی فەرهەنگی یەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵەی وەرزشی و کۆمەڵە پیشەیی، کۆمەڵەی گەڕەکەکان و ....هتد) و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا کۆ بکاتەوە و لە هەمووان بۆ خزمەتی خەڵک و نیشتمان و پاراستنی سیستەمەکەی کەڵک وەرگرێ. لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکادا، ساڵانە بە ملیارد دۆلار خەرجی ئەو مەبەستە دەکرێ. بە هەزاران ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی شەخسی و دەوڵەتی، لە چوارچێوەی یاسای ئەو وڵاتانەدا بۆ ئەو مەبەستە کار دەکەن و تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە دنیای سەرمایەداریی گەشە نەکردووی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و وڵاتانی کۆڵۆنی وەک کوردستانیش کە لە وڵاتی خۆیاندا ئیزنیان نەبووە بە زمانی زگماکی بخوێنن و فەرهەنگی خۆیان گەشە پێ بدەن، لە دەرفەتی ڕەخساوی ئەو وڵاتانە و قوتابخانە و زانکۆکانیان کەڵک وەرگرن و تەنانەت بە پلەی بەرزی سیاسی، زانستی و کۆمەڵایەتیش دەگەن. سەرمایەداریی گەشە کردوو بەگشتی لە سەردەمی ئێستادا ڕواڵەتێکی وەها لە وڵاتەکەیدا پێک دێنێ، کە پەسەندکراوی زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵک بێ.

لە وڵاتێکدا کە سیستەمی سەرمایەدارییەکەی گەشەی نەکردبێ و ئابووری خەڵکەکەی دەستەبەر نەکرابێ و برسییەتی هەڕەشە لە دانیشتوانی بکات، لە وڵاتێکدا کە ئابوورییەکەی بە دیاردەیەکی سروشتی وەک نەوت بەسترابێتەوە، مەزندەی جیهانی نەوت کار لەسەر هەموو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی بکات، لە وڵاتێکدا کە خەڵک خاوەنی قوتابخانە، زانستگا و بنکەکانی فێربوونی پێشکەوتوو نەبێ، لە وڵاتێکدا کە زانین و پێشکەوتن تیشک لە داب و نەریت و فەرهەنگی هەزار و پێنجسەد ساڵی ڕابردوو وەرگرێ و فەرهەنگی پێشکەوتووی جیهانی زانست و پیشەسازیی بە دوژمنی مرۆڤ بناسێ، لە وڵاتێکدا کە کۆمەڵ بە قیامەتێکی نادیار و دنیایەکی نادیار رابهێنرێ، لە وڵاتێکدا کە ڕەش پۆشی، گریان و لەخۆ دان فەرهەنگی بێ و گەل بە نەزان و سەغیر بناسرێ و کەسێک بەناوی ڕێبەری دینی لە پلەی (ویلایەتی فەقێ) دا وەکالەتیان بکات و دەنگی کەسێک لە سەروی دەنگی بیست ملیون کەس بێ، لە وڵاتێکدا کە خەڵک مافی دەربڕینی بیروڕای شەخسی خۆی نەبێ و نەتوانێ بە زمانی دایکی بخوێنێ، لە وڵاتێکدا کە ئینسان بەچەشنی هەزار ساڵ لەمەوپێش تێیدا سەنگسار بکرێ، لە وڵاتێکدا کە دوو ژنی عاقڵ بە پیاوێکی کەم عەقڵ و ماخولیا بژمێرن و دەیان ئەگەری تریش ، کوا دەکرێ بەبێ چارەسەر کردنی ئەو ئەگەرانە حکومەتی مەدەنی لێ دامەزرێ؟!

ئەو ژمارە کاربەدەستانەی کە لە ئێران لە دەهۆڵی ئازادی و دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی دەکوتن، بۆ خۆیان ئازاد نین و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتی خۆیان نیە؛ ئەوانەش کە فریوی ئەوان و لە سەروی هەموان فریوی سەرۆک کۆمار خاتەمی یان خواردووە، پێویستە چاو بە مێژووی دوو ساڵی ڕابردوودا بخشێنن، بزانن چین لایەنگرانی بیری دیموکراتیزە کردنی ئێران دزراون و لە بەندیخانەکانی ئێراندا شکەنجە کراون ژمارەیەکیشیان کوژراون و کەس دەنگی لێ نەبیستوون. هەموو دەزانن کە وەزیری کشوەری ئێران عەبدوڵڵای نوری لە کابینەی خاتەمی دا چۆن وەبەر شەق و مستی چۆماخدارانی ڕژێم کەوت، عەتاوڵڵای مهاجرانی وەزیری ئیرشادی خاتەمی لە پەرلەمانی ئیسلامی دا بێ ئابروو کرا، (کەرباسچی) شارەداری تاران چۆن بێ ئابڕوو کرا و خرایە بەندیخانەوە و نوسەرانی وەک مەجید شەریف، محەمەد موختاری و جەعفەری پویەندە و ...هتد بێسەرو شوێن کران و بەڕێزان داریوشی فروهەر سەرۆکی حیزبی میللەتی ئێران و پەروانەی فروهەر چۆن لە ماڵی خۆیاندا بە کێرد ئەنجن ئەنجن کران و سەرئەنجام مەنوچێر محەمەدی ڕێبەری خوێندکارانی دانیشگای ئازادی تاران و سێ کەس لە هاوڕێیانی ڕۆژی سێ شەمە ١٩٩٩/٥/٢٧ لە لایەن دەزگای پاراستنی ئێرانەوە فڕێنران.

لە ڕژێمی ویلایەتی فەقیی ئێراندا کە یاسا بنەڕەتییەکەی کۆنەپەرستانەیە و خەڵک و تەنانەت ڕێبەرانی وەک مونتەزیریش ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی یان نییە، باس کردن لە دامەزرانی حکومەتی مەدەنی شەرمەزاری دێنێ. ڕوناکبیرانی کورد و ئێرانی بەر لەوەی کە فکری دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی بکەنەوە لە ئێراندا، پێویستە هەوڵ بدەن ویلایەتی فەقێ لە گۆڕ نێن، چونکە ویلایەتی فەقێ کۆسپی سەرەکیی سەر ڕێگای ئەمنیەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی خەڵکە و تا ویلایەتی فەقێ هەبێ کەس مافی ئازادیی نابێ و هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی مەدەنی لە ئێرانی ئیسلامی دا پوچەڵ دەبنەوە. ئەوانەش کە لە ئەوروپا و بە تایبەتی لە سوید خەڵک هاندەدەن بچنەوە یارمەتی کۆماری ئیسلامی بدەن بۆ دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی لە ئێراندا، باشترە بۆخۆیان پێشتر بچنەوە، بەڵکو یەحیا ڕەحیم سەفەوی فەرماندەی سوپای پاسداران دەرفەتی بۆ بگونجێ و زمانیان ببڕێ.

١٩٩٩/٦/٩

www.arsivakurd.org

# حکومەتی مەدەنی لە ئێرانی ئیسلامی دا

**حامید گەوهەری**

دوای بیست ساڵ بەسەر پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و لەژێر پێ نانی مافی چارەنوسی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا، ژمارەیەک ڕووناکبیر لە ئێران و تەنانەت لە دەرەوی ئێرانیشدا باس لە دامەزرانی حکوومەتی مەدەنی لەو وڵاتەدا دەکەن. ئەو باسە لە هێندێک جێ دا تیشکی خستووەتە سەر نوسراوەی ڕۆژنامەکان و فکری خوێندکارانی زانکۆکانیشی لە خۆدا قەتیس کردووە و تەنانەت ژمارەیەکیش لە هاوکارانی سەرۆک کۆمار خاتەمی گیرفانیان بۆ هەڵدرووە، تا لە حکومەتی مەدەنی داهاتووی ئێراندا جێیەکی باشتر بۆ خۆیان بکەنەوە. ئەوانە بە چەشنێک لە هەوڵەکانیان دەدوێن، کە دەڵێی زەمینەی دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی یان پێک هێناوە و چاوەڕوانی ڕێبەری دینی ئێران ئایەتوڵڵا خامنەین فتوای بۆ بدات. ئەوانە بێخەبەرن لەوەی کە مەلا بە چنگ و ددان لە ئایدیۆلۆژی و سیستەمەکەیان بەرگری دەکەن و ئامادە نین بگەڕێنەوە قوژبنی مزگەوتەکان و بە پارەی نوشتە نوسین و سیغە کردن ژیانیان دابین بکەن.

جیا لەوە هەندێک کەسیش لە ئەوروپادا سەریان بەرز کردووەتەوە و دەڵێن بۆ دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی لە ئێراندا زەمینە ڕەخساوە و دەکرێ سەد کەسێک سواری فڕۆکە بن و بچن لە فڕۆکەخانەی (مهرئاباد)ی تاران دابەزن و بڵێن (ئێمە هاتووین لە دامەزراندنی حکومەتی مەدەنی دا یارمەتی تان بدەین).

بە وردبوونەوە لەو نوسین و باس و گفتوگۆیانە، مرۆڤ پێویستە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و وشیار کردنەوەی لاوە نیشتمانپەروەرەکانمان، کە هەر جارەی ژمارەیەکیان بەدەست پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی بێسەر و شوێن دەکرێن، چەند هەنگاوێک بەرەو پێش هەڵگرێ و فەلسەفەی دامەزرانی حکومەتە مەدەنییەکان شی بکاتەوە و ئینجا وەڵامی ئەو پڕوپاگەندانە بداتەوە، کە لە ڕووی نەزانی وەیان بە زانیارییەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی نیشتمانپەروەران هەڵدەگیرێن.

حکومەتی مەدەنی دیاردەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی یە، کە لە کۆی دەستکەوتەکانی دنیای سەرمایەداریی گەشەکردوودا بەدی دێ. کاتێک سەرمایەداری قۆناغی سەرەتایی بڕی و گەشەی کرد، بۆ ئەوەی لە ڕەوتی ئاسایی نەکەوێ و بەرەو پاشەوە نەگەڕێتەوە، ناچارە هەندێک پێویستی مادی و مەعنەوی کۆمەڵگاکەی لە پلوڕالیسمی سیاسی و ئابووری دا بگونجێنێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕادەی جیاوازی ئابووری نێوان چینەکانی کۆمەڵگا، دوکتۆر و دەرمان و خانووبەرە بۆ چینی هەژار دابین دەکات و ناهێڵێ کەس برسی بمێنێتەوە و بۆ تێرکردنی سکی دەست پان بکاتەوە. هەوڵ دەدات هەموو بیر و

**لە وڵاتێکدا کە سیستەمی سەرمایەدارییەکەی گەشەی نەکردبێ و ئابووری خەڵکەکەی دەستەبەر نەکرابێ و برسییەتی هەڕەشە لە دانیشتوانی بکات، لە وڵاتێکدا کە ئابوورییەکەی بە دیاردەیەکی سروشتی وەک نەوت بەسترابێتەوە، مەزەندەی جیهانی نەوت کار لەسەر هەموو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی بکات، لە وڵاتێکدا کە خەڵک خاوەنی قوتابخانە، زانستگا و بنکەکانی فێربوونی پێشکەوتوو نەبێ، لە وڵاتێکدا کە زانین و پێشکەوتن تیشک لە داب و نەریت و فەرهەنگی هەزار و پێنجسەد ساڵی ڕابردوو وەرگرێ و فەرهەنگی پێشکەوتووی جیهانی زانست و پیشەسازیی بە دوژمنی مرۆڤ بناسێ، لە وڵاتێکدا کە کۆمەڵ بە قیامەتێکی نادیار و دنیایەکی نادیار باربهێنرێ، لە وڵاتێکدا کە ڕەش پۆشی، گریان و لەخۆ دان فەرهەنگی بێ و گەل بە نەزان و سەغیر بناسرێ و کەسێک بەناوی ڕێبەری دینی لە پلەی (ویلایەتی فەقێ) دا وەکالەتیان بکات و دەنگی کەسێک لە سەروی دەنگی بیست ملیون کەس بێ، لە وڵاتێکدا کە خەڵک مافی دەربڕینی بیروڕای شەخسی خۆی نەبێ و نەتوانێ بە زمانی دایکی بخوێنێ، لە وڵاتێکدا کە ئینسان بەچەشنی هەزار ساڵ لەمەوپێش تێیدا سەنگسار بکرێ، لە وڵاتێکدا کە دوو ژنی عاقڵ بە پیاوێکی کەم عەقڵ و ماخولیا بژمێرن و دەیان ئەگەری تریش ، کوا دەکرێ بەبێ چارەسەر کردنی ئەو ئەگەرانە حکومەتی مەدەنی لێ دامەزرێ؟!**

# فێستیڤاڵی لاوانی کورد لە ستۆکهۆڵم

ڕۆژی ٢٨-١٩٩٩/٥/٣٠ فیدراسیۆن بە هاوکاریی یەکێتیی لاوانی کوردستان و یارمەتیی ABF، بۆ ماوەی سێ ڕۆژان فێستیڤاڵی لاوانی کوردی لە ستۆکهۆڵم پێک هێنا. پرۆگرامی فێستیڤاڵی لاوان لە کەش و هەوایەکی خۆشی بەهاری دا لە پارکی (ڕۆلامس هووس) Rålamshovparken، لەژێر چادرێکی مەزندا بەڕێوە چوو. لەو فێستیڤاڵەدا پێنج پانێلی جۆراوجۆر و سێ شەو ئاهەنگ بەشێوەی خوارەوە ئەنجامی گرت:



**١- ڕۆژی ١٩٩٩/٥/٢٨:**

ئا- کات ژمێر ١٨,٣٠، **(دۆزی لاوانی کورد لە وڵاتی سوید)**: گوڵان ئاوجی لە لایەن یەکێتیی لاوانی کوردستانەوە پانێلەکەی بەڕێوە برد: شەڤدەر گۆڤەن، نالین دەمیر، نەسلیهان شاهین و ئوز نۆژەن لەسەر دۆزی لاوانی کوردی دانیشتووی سوید گفتوگۆیان کرد و وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوە.

ب - کات ژمێر ٢٠,٠٠، **،مافی مرۆڤی کورد**: ئەشرەف ئۆکوموس ڕۆژنامەوان، پانێلەکەی بەڕێوە برد. هانس لیندکویست لە لایەن پارتی ناوەندی سوید (سینتر پارتی)، ئۆریان سوێدبەری لە لایەن پارتی چەپی سوید، بەرگەر شلاڤ لە لایەن پارتی ژینگەی سوید، تەها برواری لە لایەن بیرۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەیا ئیزۆڵ لە لایەن فیدراسیۆنەوە لەسەر ئەم بابەتە دوان و وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوە.

پ- کات ژمێر ٢١,٠٠ هەتا ٢٤,٠٠، **(موزیک)**: لەو بەشەدا، گرووپی سویدی لاتین کینگس و گرووپە کوردییەکانی حەسەن شەریف، نەسلیهان پرۆگرامیان پێشکەش کرد و لە کۆتایی دا گرووپی کوردی هیپ هۆپ تاتس بە چەند ئاهەنگ بە زمانی ئینگلیسی فستیڤاڵەکەیان ڕازاندەوە.

**٢- ڕۆژی ١٩٩٩/٥/٢٩:**

ئا- کات ژمێر ١٣,٠٠، **تێکەڵاوی و لێک نزیک بوونەوە یان جیابوونەوە و لێک دوور کەوتنەوە**: ڕۆژنامەوان ئەشرەف ئۆکوموس پانێلەکەی بەڕێوە برد. نالین پککوڵ (باکسی) لە لایەن پارتی سوسیال دیموکراتی سوید، یۆران ئەریکسۆن لە لایەن ABF، بەکر ئوزونئەل لە لایەن پارتی چەپی سوید، ئاگاتا میکنەر لە لایەن لاوانی ڕێکخراوی یەکێتیی فیدراسیۆنەکانی بیانی (SIOS)، تۆمی تلیۆسۆ لە لایەن ئیدارەی تێکەڵاوییەوە و بیلال کورکۆ لە لایەن دایرەی کار LAN.

ب- کات ژمێر ٢١,٠٠ هەتا ٢٤,٠٠، **(موزیک)**: لەو بەشەدا، گرووپەکانی موزیکی کوردی، شیلان، خەلیل ئورفایی و ناتالیا پرۆگرامەکەیان ڕازاندەوە.

**٣- ڕۆژی ١٩٩٩/٥/٣٠:**

ئا- کات ژمێر ١٣,٠٠: **هەڵبژاردنی یەکێتیی ئەورووپا (EU) و کێشەی کورد**: عومەر شێخ مووس لە زانکۆی ستۆکهۆڵم پانێلەکە بەڕێوە برد: ئیڤانا ڕۆوەیدا لە لایەن پارتی ژینگەی سوید، خاو پەنهیرۆ لە لایەن پارتی سوسیال دیموکراتی سوید و برگت هەلمان لە لایەن پارتی ناوەندی سوید لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆیان کرد و لە کۆتایی دا وەڵامی بەشدارانیان دایەوە.

ب- کات ژمێر ١٥,٠٠: **ئێمە دەتوانی قەبووڵ بکەین کچ سەربەخۆ بێ؟** کەیا ئیزۆڵ لە لایەن فیدراسیۆنەوە پانێلەکەی بەڕێوە برد: زەلال باڵ ، ڕوکەن ، شوکری دەمیر، گوڵان ئاوجی و ئابید دوندار لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆیان کرد و وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوە.

پ- کات ژمێر ١٨,٠٠ هەتا ٢٠,٠٠، **(موزیک)**: هەڵپەرکێی کوردی بە دەهۆڵ و سورناو کۆتایی فێستیڤاڵی لاوان.

## ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پیرۆز بێ

ڕۆژی ١٩٩٨/٥/١، فیدراسیۆن بەشداریکرد لە خۆپێشاندانی یەکی مانگی مای ڕۆژی کرێکارانی جیهانیدا. فیدراسیۆن بە چەشنی ساڵانی پێشوو لەگەڵ پارتی چەپ (Vänsterparti) بەشداریی خۆپێشاندانەکەی کرد و کۆمەڵەی سپۆنگا لەگەڵ پارتی سوسیال دیموکراتەکان (Sosyaldemokrat). کۆمیتەی کلتور و پەروەردە ئەم خۆپێشاندانەی ڕێکخست و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی فیدراسیۆن بەشدارییان تێداکرد.

# نوێنەرانی لاوان لە ڕوسیا

ڕۆژی ۱۹۹۹/٥/۳، گوڵان ئاوجی و شوکری دەمیر بە نوێنەرایەتی یەکێتیی لاوانی کورد لەگەڵ ڕێکخراوی لاوانی سوید LSU چوونە مینسک پایتەختی ڕوسیای سپی و لە سمینارێکی شاری برێست Brestدا بەشدارییان کرد، کە بۆ ناسینی دوو سیستەمی لێک جیاوازی ڕوسیا و سوید پێک هاتبوو. نوێنەرانی یەکێتیی لاوان لەو سمینارەدا لەسەر مێژووی کورد و بارودۆخی سیاسی ئەمرۆی کوردستان دوان و وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوە. ئەوان هەروەها لەو سەفەرەدا سەردانی دوو ڕێکخراوی لاوانی ڕوسیای سپی یان کرد. یەکێک لەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوی ڕادا Rada بوو، کە ٤١ لقی هەیە و بە بودجەی حکومەتی ڕوسیا دەژین. ڕێکخراوی دووەم، کە سەردانیان کرد یەکێتیی کومونیست و لینینستی ڕوسیای سپی بوو، کە بە گوتنی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە Yury Voskressonky ئەوان دە هەزار ئەندامیان هەیە و یەک لە ڕێکخراوە مەزنەکانی ڕوسیای سپین. دیداری نوێنەرانی یەکێتیی لاوان حەوت ڕۆژی خایاند.



# سمینارێک لەسەر دۆزی کورد لە تورکیا

بەڕێز سزگین تانریکلو سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی پارێزەرانی شاری دیاربەکر و ئەندامی ئێستای کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە تورکیا و خاوەنی خەڵاتی کەنەدی ڕۆژی ۱۹۹۹/٥/۱۹ سەردانی فیدراسیۆنی کرد. کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن بەبۆنەی هاتنی بەڕێزیان بۆ سوید، ڕۆژی ۱۹۹۹/٥/۲۱ سمینارێکی لە لۆکاڵی فیدراسیۆن بۆ ناوبراو پێک هێنا. بەڕێز تانریکلو بە کورتی ئاماژەی بە مافی مرۆڤ لە تورکیا و دۆزی کوردان لەو وڵاتە، بەرلە هەڵبژاردنی ۱۹۹۹/٤/۱۸ کرد و ئینجا بۆ ماوەی دوو کات ژمێران وەڵامی پرسیاری بەشدارانی سمینارەکەی دایەوە.



# دوکتۆر شەوکەت بامەرنی سەردانی فیدراسیۆنی کرد

ڕۆژی ۱۹۹۹/٥/۱۹، بەڕێز دوکتۆر شەوکەت بامەرنی لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەکتەبی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی فیدراسیۆنی کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە کۆمیتەی کارگێر بەم بۆنەیەوە سازی دا، بە درێژیی لەسەر کار و خەباتی فیدراسیۆن و پارستنی سەربەخۆیی ئەو دەزگایە و پرۆسەی ئاشتیی کوردستان، باس و گفتوگۆ کرا. بەڕێز شەوکەت بامەرنی فیدراسیۆنی بە دەستکەوتێکی گرنگ بۆ کورد و بەتایبەتی کوردەکانی دانیشتووی سوید هەڵسەنگاند و سوپاسی خزمەتی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانی ئەندامی کرد. ناوبراو هەروەها ئاوتی خواست، فیدراسیۆن جێگەی خەباتی هەموو کوردێک و لایەنە کوردییەکان بێت و هەموو لایەک بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان خەباتی تێدا بکەن.



www.arsivakurdi.org

# جەژنی نەورۆز لە شکۆیەکی مەزندا

– فیدراسیۆن ڕۆژی ٢٠ی مارس جەژنی نەورۆزی بە شکۆیەکی مەزن و لە جەوێکی شاد و هەست بزوێنی پتر لە دوو هەزار کەسیی دا لە سۆڵناهاڵنی ستۆکهۆڵم پیرۆز کرد. هونەرمەندان قادر ئەلیاسی، حەسەن شەریف، سەحەر دلۆڤان ، جودی، خۆشناو گروپی هونەری فۆلکلوری هەڵپەرکێی میدیا و گروپی سەمای فلامینکۆ (سپانیایی) بە دەنگ و هونەری خۆیان جەژنەکەیان ڕازاندەوە. جیا لەواە کۆمەڵەکانی ئەندمیش لە شارەکانی خۆیاندا جەژنی نەورۆزیان بە شکۆیەکی مەزن پیرۆز کرد. جەژنی نەورۆز لە مالمۆ لە لایەن کۆمەڵەکانی (کوردی مالمۆ، مالی کلتوریی کوردی مالمۆ، کۆمەڵەی ئاشتیی کوردستان، کۆمەڵەی کلتوری کوردی لوند و پەیوەستگای دیموکراتییە کوردییەکان بەڕێوە چوو.



## نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان سەردانی فیدراسیۆنیان کرد

ڕۆژی ١٩٩٩/٥/٤، بەڕێزان زوبەیر ئایدار و ئەحمەد ئاق تاش بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی سەردانی فیدراسیۆنیان کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە کۆمیتەی کارگێڕ بەم بۆنەیەوە پێکی هێنا و چەند ئەندامی دەستەی نوسەرانی بەربانگیش بەشدارییان تێدا کردبوو، سەرۆکی فیدراسیۆن کەیا ئیزۆڵ بەخێرهاتنی میوانانی کرد و ئینجا، زوبەیر ئایدار ئاماژەی بە پرۆسەی خەباتی چوار ساڵەی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کرد و ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١٩٩٩/٥/٢٤ ئەو کۆنگرەیە پێکدێنین. ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا داوای لە فیدراسیۆن کرد کە وەک ئەندام بەشداریی بکات لە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی دا.



هەموو ئەندامان خۆشحاڵی خۆیان لە دەزگایەکی سەرتاسەری کوردی دەربڕی، بەو شەرتەی هەموو لایەنەکانی کوردی بەشداریی تێدا بکەن. لەو ڕوانگەیەوە کەیا ئیزۆڵ ڕایگەیاند: ئێمە خوازیاری پەیوەندی نزیکی هەموو کورد و بەتایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانین و لە پێناوی ئەوە مەبەستەدا بوو، کە کۆنگرەی ١٨ی فیدراسیۆن لەژێر دروشمی (ئێمە بەیەکەوە بەهێزترین) پێک هات. ئێمە بە دڵ دەمانەوێ مۆدێلی ئێمە بکەوێتە نێو ڕێکخراوەکانی ترەوە.

www.arsivakurd.org

# چەند چالاکییەکی فیدراسیۆن

## سەرۆکی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان سەردانی فیدراسیۆنی کرد



– رۆژی ۱۹۹۹/۳/۱۷، بەڕێز ئەبو حکمەت سەرۆکی پارتی کاری سەربەخۆ و وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز شێرکۆ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆ سەردانی فیدراسیۆنیان کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە کۆمیتەی کارگێر بەم بۆنەیەوە سازی دا، بە درێژیی لەسەر کار و خەباتی فیدراسیۆن، پرۆسەی ئاشتیی کوردستان، دۆخی پارتی کاری سەربەخۆ و دەستکەوتەکانی کابینەی سێهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شێوەی بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵی کوردستان باس و گفتوگۆ کرا.

– رۆژی ۱۹۹۹/۲/۲۷، نوێنەری کەمئەندامانی کۆمەڵەکانی یوتێبۆری، لینشۆپینگ، نینسهامن و ستۆکهۆڵم لەگەڵ لێپرسراوی کۆمیتەی کەمئەندامانی فیدراسیۆن بەشداری سمیناری کەمئەندامانی بیانی سوید بوون. ئەو سمینارە بۆ دانی ئاگاداریی لەسەر کار و ژیانی کەمئەندامانی بیانی و ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕای کەمئەندامان لە لایەن SIOSەوە لە ستۆکهۆڵم پێک هات.

### یادی کارەساتی شومی هەڵەبجە

نوێنەری ڕێکخراوە سویدی و کوردییەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی ستۆکهۆڵم بەشداریی یادی کارەساتی شومی هەڵەبجەیان کرد. هەر لەو رۆژەدا لاوانی گرووپی میدیا ۵۰۰۰ مۆمیان بە یادی ۵۰۰۰ هەزار شەهیدی



هەڵەبجە لە گۆڕەپانی سێرگێلس تۆری (Sergelstorg) داگیرساند، کە ژمارەیەکی زۆر کورد و سویدی بەشداریی ئەو یادەشیان کرد. جیا لەوە زۆربەی کۆمەڵەکانی ئەندامی فیدراسیۆنیش یادی کارەساتی هەڵەبجەیان کردەوە، بەتایبەتی ئەو یادە لە ماڵمۆ لە لایەن کۆمەڵەی ئاشتی یەوە و بەبەشداریی هەموو لایەنە سیاسییەکانە ئەنجامی گرت.

– کۆمەڵەی تازە دامەزراوی شاری هێلسینگبۆری داوای ئەندامەتی لە فیدراسیۆن کرد. کۆمیتەی گشتیی فیدراسیۆن لە کۆبوونەوەی رۆژی ۱۹۹۹/۲/۲۸ی خۆیدا کۆمەڵەی هێلسینگبۆری بە ئەندام وەرگرت.

– لەسەر بانگهێشتنی بیرۆی حکومەتی کوردستان، چوار ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕ رۆژی ۱۹۹۹/۳/۱۲ سەردانی بارەگای بیرۆی حکومەتی کوردستانیان کرد. لەو سەردانەدا نوێنەری حکومەتی فیدراڵی کوردستان کاک تەها بروواری ئاماژەی بە ئەرکی بیرۆ لە وڵاتی سوید و وڵاتانی سکاندیناوی کرد. نوێنەرایەتی فیدراسیۆن خۆشحاڵی خۆیان لە کردنەوەی بیرۆی حکومەتی کوردستان دەربڕی.

– رۆژی ۱۹۹۹/۳/۱۶ فیدراسیۆن یادی کارەساتی شومی هەڵەبجەی لە کەنیسەی Adolf Fredriks Kyrka کردەوە.

www.arsivakurd.org

# نەورۆز

## ئەمین سندی

ئەو
سەرهاتیا ب خوینێ هاتیە
فرشک کرن.... لچوو زەمانا قەت نامرت
هەر دێ ڤەژیت
رەف رەفێ....
شاگردا دهێن
د ناڤ زکێ
دایکا خۆەدا
جەژنا تە دکەن
xxxxxx
تە ژ سەرێ
چەند شەهمارا د پارێزین ژین
ژەهریا وان... ژەهریا وان
دناڤ سەرێ مندا....
تەڤل هەڤ بوویە پر ژان
جەژنا منێ...!
بووچی سوجدێ بووتە نەبم
دەهجار... ژ بەژنا هەمە لایی
بلندتری
ژقیبلا بۆسلمانا پیرۆزتری
ژناڤ خوینا لاوا
بوویە شەمالەک هاتە دەر
ژووی چاخی و هەتا نهوو
ل سەر سینگی ڤێ دونیایێ
دوزەخ دژیت...
خوێن ژ کەربا...
دناڤ مەژیێ تەدا کەلی... کەلی
کەس لهاوارێ نەهات
سەێن درِ پێوەردهێن
کەس لهاوارێ نەهات
کێل بێ پیرە... هەڤیا
دناڤ کەڤلێ تەدا دچن
کەس لهاوارێ نەهات
زمانێ وان... زمانێ وان
بخوێنا تە یێ هار بووین
بگوشتێ تە هەر سەرخۆشن
بەلێ دەریا بدەڤێ سەی
پیس نەبوویە و پیس نابیتن
دێ مێ تەژی
دبن قامچیێ رەشدا
رۆژ ب رۆژ هەر گەژتر دبن
xxxxxx
کوردینو
دێ هەلگرن
دەستێ خوو
ل قەلەمێ ژەهری بدەن
ئەگەر ژەهری نەبیتن
هەر ژ ئاخێ....
هەلنەگرن
xxxxxx
ئەگەر زمان
ژخەنجەرا تیژتر نەبن
هەر ژکافلانی دەرنەکەن !
xxxxxx
ئەگەر ئەژی.... ئەگەر ئەژی
پارچە ئاگرەک نەبم
بلا.... ناڤێ کورد و رابە....
لمن نەبیتن
١٩٨٩/٣/١٣

# دڵنیایی

## حەمە سەعید حەسەن

لە زەیتوون: رۆن،
لە مێخەک: بۆن،
لە گەنم: نان،
(لەماچ: ئینسان
پەیدا دەبێ،)*
لە زەبر و سەرکوتانەوە:
تەقینەوەی چەوساوەکان
پەیدا دەبێ.

باڵە : بەرهەم،
تەنیایی: خەم،
سامان: ستەم
دەخولقێنێ،
ناکۆکیی نێوان چینەکان:
گڕکانی قینی هەژاران
دەتەقێنێ.

لە دوای شەوی ئەنگوستەچاو:
تاڵی زێڕینی خۆرەتاو،
لە دوای بستەڵەکی زستان:
کانیی وەکوو چاوی قرژانگ،
دوای ئازادی دژواری ژان:
منداڵی جوان
سەرهەڵدەدا،
لە دوای کڵپەی ئەم دۆزەخەی ئێستەی جیهان:
شنەی شەماڵی بەهەشتی چەوساوەکان
سەرهەڵدەدا.
١٩٨٩

* پۆڵ ئێلوار

www.arsivakurdi.org

- بەڕێز کاک ئیرەجی حەسەن پەناهی لە سنە:
سوپاسی هەستی ناسکت ئەکەین، گۆڤاری (دیدار) ماوەیەکە وەستاوە و هەوڵی دەرچوونیشی لە ئارادایە. بێگومان بەربانگ دەنگی لاوانیشە و چاوەڕێی بەرهەمتین.

- بەڕێز کاک شێرکۆ لە لەندەن:
سوپاست ئەکەین بۆ لێپرسینەوەت لە گۆڤارەکەمان. ئەم ژمارە بەربانگەت بۆ ئەنێرین. هەروەها بۆ زانینی ناونیشانی گۆڤارەکە و ئابوونەی ساڵانەش بڕوانە دیوی ناوەوەی بەرگەکەی و هیوادارین باربانگیش جێی ڕەزامەندیت بێت.

- خوێنەری بەڕێز کاک کەمال لە سوید بە شیعرێکی درێژ یادی پێشمەرگەیەکی قارەمان ئەکاتەوە، کە بەدەستی مەلاکان شەهید بووە: کاک کەمال لەم شیعرەدا بە ناوی ( یاد و بەڵێن) ئەڵێت:

*ئەسپی خەیاڵم نایەتە بەر زین*
*بیری ئاڵۆزم لێ بۆتە پەرژین*
*پێمخۆشە گەشتی نیشتمان بکەم*
*زاخاوی مێشکم بەوە دابدەم*
*پاش تێکۆشان و هەوڵ و دەولی زۆر*
*هێنامە بەر زین ئەسپە کویتی تۆر*
*لەسەر خوانی زین، جڵەو بەدەستم*
*بەرەو زێدەکەم، کۆچبار دەبەستم*
*جارجار نەرمە غار، جارجار بە وێرغە*
*خۆم گەیاندەوە شاخی تەرەغە ٭*
*لەسەر لوتکەکەی وا ڕاوەستاوم*
*گوندی نۆباریش وا لەبەر چاوم*
*یەک یەک و دوو دوو پێشمەرگەی ئازا*
*دوژمنیان شکاند لە مەتەرێزدا*
*زۆری نەخایاند سوپاکەی دوژمن*
*لە حاند پێشمەرگە سەرشۆڕ بوو دوژمن*
*ڕۆژی دوایی بۆ حەسانەوە*
*چوونە باوەشی کێو و دەشتەوە*
*بەڵام مخابن، کەسەری گران*
*دوژمنی دڵ ڕەش گەلێک بێ ویژدان*
*لە لای ئێوارە، درەنگ وەختانێک*
*خۆمپارەیەک هات، ئاگرپرژانێک*
*زۆری نەخایاند زامی کاریگەر*
*ئاستاندی گیانی خدری کۆڵنەدەر*
*ڕۆحت هەر شاد بێ ئەی شێری کوردان*
*ئەی تاسێنەری دوژمنی نەزان*
*ڕێگای پیرۆزت پڕ لە ڕێبوارن*
*لەبیرت ناکەن پێت قەرزدارن*
*هەتا ئامانجت وەدی نەیەنن*
*لەو ڕێگایەدا تۆڵەت نەستێنن*
*شەڕ بۆ ڕزگاریی درێژەی دەبێ*

# کورد بەرەو پەرلەمانی ئەوروپا



پارتی گەلی سوید سیاسەتزانی کورد ئازاد کەریمی بۆ پەرلەمانی ئەوروپی پاڵاوت.

کاک ئازاد ساڵی ١٩٥٨ لە شاری سلێمانی چاوی بە ژین کردووەتەوە. ساڵی ١٩٩١ بووەتە ئەندامی پارتی گەل و ئێستا ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڤیستەرۆس و جێگری سەرۆکی پارتی گەلی پارێزگای ڤێستماندلاندە و بەڕێوەبەری هەڵبژاردنی ( EU ) لە ناوچەی ڤێستماندلاندە. کاک ئازاد هەروەها ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی کۆمەڵەی کوردی شاری ڤیستەرۆسیشە و تا ئێستا گەلێک چالاک بووە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ئەو کۆمەڵەیەدا.

ئێمە دڵنیاین کاک ئازاد بە تێگەیشتنی قوڵی لە چەمکی سیاسیی سیستەمی نوێی جیهان دەتوانێ لەو کەناڵە گرنگەی خۆیەوە خزمەت بە چوونەپێشەوەی مەسەلەی کورد بکات لە ئاستی ئەوروپادا و ئێمەش داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین.

*دوژمنی زاڵم ئاسودە نابێ*
*دیاریی خەیاڵت ٭ خدرێکی جوانە*
*لە جیاتی باوکی تاجی سەرمانە*
*ڕێگات ڕێبازی هەزاران لاوە*
*کە بۆ ڕزگاریی خۆیان سازداوە*
*گەرچی نەمانت زامی دڵمانە*
*بەڵام یادەکەت سارێژکەرمانە*
*لە تەنیایی دا پەنات بۆ دێنین*
*بە یادی جاران تێر تێر دەتدوێنین*
کەمال ١٩٩٩

٭- تەرەغە= ناوی چیایەکی بەرزی ناوچەی بۆکانە
٭- خەیاڵ= خێزانی شەهید خدرە سوورە

- بەڕێز کاک ڕەزا دەرسیمی
پارەکەت (سی دۆلاری ئەمریکی) گەیشت، سوپاس. ئێمە لەمەودوا بەربانگت بۆ دەنێرین و هیوادارین جێی ڕەزامەندیت بێت.

- بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:
بوکی خوێناوی، وزەی نوێ، لە یادی پەنجا ساڵەی مافی مرۆڤ، لە دایکبوون، نەورۆز ، و نامۆیی داوای لێبوردن ئەکەین لە بڵاوکردنەوەیان، چاوەڕوەڕێی بەرهەمی ترتانین.

www.arsivakurdi.org

# بەربانگ و خوێنەران

نامە و بابەتێکی زۆرمان پێگەیشتووە دەربارەی مەسەلە ڕەواکانی گەلەکەمان کە بەرهەمی نایابی چەندان خامەی بەسۆز و دڵسۆزن، هەروەها چەندان بابەتی ئەدەبی و هونەری و چەندان نامە و ڕاپۆرتی کۆمەڵە کوردییەکان لە شارە جیاوازەکانی سویدەوە دەربارەی چالاکی یە هەمەجۆرەکانیان لە بوژاندنەوە و بەسەر کردنەوەی جەژن و یادکردنەوەی ڕۆژە تاڵ و شیرینەکانی گەلەکەمان.

لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی نوسەراندا کە دوای کۆنگرەی ١٨ی فیدراسیۆن پێک هات، هەندێک بڕیاری گرنگ درا لە هەوڵدانا بۆ گەشەکردن و قەشەنگتر کردن و پەرەسەندنی بەربانگ و لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بگاتە دەست خوێنەرانی. یەکێک لەو بڕیارانەش ئەوەیە کە لەبەر هەندێک هۆی تەکنیکی و دارایی، ژمارەی لاپەڕەکانی بەربانگ بەشێوەی کاتیی ببێت بە ٤٤ لاپەڕە، واتە بەشی سۆرانی یەکەی ئەبێت بە ١٥ لاپەڕە.

بۆیە ئێمەش دوای لێبوردن ئەکەین لەو خوێنەرە بەڕێزانەی کە بەرهەمەکانیان لە لامانن، ئەگەر تەواوی بەرهەمەکانیان لەم ژمارەیەدا بڵاونەبێتەوە، یان دەرفەتی وەڵامدانەوە و بەسەرکردنەوەی هەموو نامە و بابەتەکانمان نەبێت.

هەروەها لەمەودواش هیوامان وایە کە بابەتەکانتان چڕ بن و لە دوو لاپەڕەی A4 زیاتر نەبن، بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمی هەمەجۆرە بڵاوبکەینەوە.

– ژیانی پڕ کارەساتی منداڵانی کوردستان:

بابەتێکی نایابە و دڵنیابە لەوەی کە (کوردی یەکەشت) باشە و دیارە کە هەوڵێکی تەواوت داوە بۆ خوێندن و نوسینی کوردی و هیوادارین کە هەموو ئەو ڕۆڵانەی گەلەکەمان کە دەرفەتی خوێندنیان نەبووە بە زمانی دایکیان، وەک تۆ هەوڵ بدەن بۆ فێربوونی خوێندن و نوسینی زمانی شیرینی کوردی. هەروەها، ئەگەر بکرێ بابەتەکەت چڕ بکەرەوە چونکە بەم شێوەیەی ئێستای بۆ بەربانگ دەست نادات. چاوەڕێی بەرهەمتین.

– بۆ ئەو خوێنەرەی کە ناوی خۆی نەنوسیوە لە نامەکەیدا، بەڵام هەڵبەستی هاوڕێیەکی بۆ ناردووین:

سوپاسی هەستی بەرزتان ئەکەین بەرامبەر بە گۆڤارەکەمان و لەم ژمارەیەشدا شیعری هاوڕێکەت بڵاو ئەکەینەوە.

– بەڕێز مامۆستا خوناو خۆشناو!

بەشداری خەمتین لە کۆچی دوایی هاوسەرەکەتدا. دەربارەی پارچە هەڵبەستەکەشت، داوات کردووە بە هیچ جۆرێک دەستکاریی نەکەین، هەرچەندە ئەو مەرجانە لەگەڵ ڕۆژنامەگەری و ئەدەب و هونەردا ناگونجێت، بەڵام ئەم جارە هەڵبەستەکەت وەک خۆی بڵاوی ئەکەینەوە وچاوەڕێی بەرهەمی تری (بێمەرجین).

**بۆ هاوسەری خوا لێخۆشبوومدکتۆر عەبدوڵلا ئەمین ساڵح**

*لەنیوەڕۆی یازدە ئەیلوولی فێنک*
*بەری ئاسمانی لێگرتم هەورێکی تاریک*
*کە دەستی کرد بە شرقە و برووسک لێدان*
*بەجارێ دڵ و دەروونمی تاساند*
*بومە لەرزە بوو*
*لیزمەی باران و ڕێژنەی تەرزە بوو*
*چیایەکی رووخاند بەقەد باڵای مەم*
*لە دوای بەجێما تۆز و گەرد و تەم*
*ژیانی پێکەوەی بیست و حەوت ساڵە*
*بوو بە هاوار و گریان و ناڵە*
*گەمێی ئاواتم لە دەریای ژینا*
*لەنگەری تێکچوو لێم کەوت بەقینا*
*تروسکەی هیوای لێ کوژاندمەوە*
*کۆرانیی خەمی بۆ لاواندمەوە*
*شەپۆلێکی مەرگ شاڵاوی هێنا*
*حەز و ئارەزووی لەبیخ دەرهێنا*
*هاوسەری بردم*
*بێکەسی کردم*
*دووچاری خەم و پەژارەی کردم*
*ئێستاکەش چرکەی هەناسەکانی*
*زام و برینم دەکولێنێتەوە*
*ئێستاکەش خۆزی و ئازارەکانی*
*کانی فرمێسکم دەژێنێتەوە*
*سەرم سوڕماوە*
*ژین و ژیانم لەلا شێواوە*
*لە خەندە و بزە و لە شین و گریان*
*نازانم بژیم بە هیوای کامیان*
*مامۆستا خوناو خۆشناو*
*ویستروس/ سوید*



www.arsivakurd.org

# سانسۆر

حامید گەوهەری

سانسۆر دیاردەیەکی نێگاتیڤ و مەترسیدارە، کە بەرلە دامەزرانی حکومەت لە دنیادا بۆ پارێزگاریکردنی لە دەسەڵات و سەرمایە سەری هەڵدا و بە جێگیربوونی حکومەتەکان بەرەبەرە تەشەنە کردە نێو سیاسەتی ئابووریی، پیشەسازی، سەربازیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی حکومەتەکانەوە و تەنانەت لە یاسای بنەڕەتی دەوڵەتانیشدا جێی گرت. ئەمڕۆ سانسۆر بە شێوەی پێشوو نەماوە. لە وڵاتەکاندا، ئەگەر کەس یان لایەنێک ستراتیژی سەربازیی و شێوەی بەرهەم هێنانی چەکەکانی ئەو وڵاتە بڵاو بکاتەوە، تاوانی سیخوری بۆ بێگانەیان لێ دەدرێ، بەڵام ئاماژە کردن بە سیاسەتی هەڵەی ئابووری حکومەتەکان، نەخۆشییەکانی کۆمەڵایەتی و کەموکوڕییەکانی سیاسیی ئەوان لەو وڵاتانەی جیهان دا کە سیستەمی پلورالیستی یان (جیا لە تورکیا) لێ دامەزراوە، ڕەنگێکی تری بەخۆوە گرتووە و بە تاوان نازمێردرێ. ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین و وەشوێن ڕووداوەکان دەکەون، ڕۆژ نییە لەسەر شاشە تەلەفزیۆنەکان، کاناڵی ڕادیۆکان و لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا نەبینین و نەبیسن، کە چۆن سیاسەتی ناپەسەندی حکومەت و ڕێکخراوەکان دەکەوێتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و لەسەر بابەتێک کە پەیوەندیی بە ژیانی خەڵک و وڵاتەکەیانەوە هەبێ، لە سەرۆکی حکومەت و ڕێکخراوەکانیان دەپرسنەوە. سانسۆر لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان داگیر کردووە، بە دوو شێوەی زاڵمانە بەڕێوە دەچێ:

١- بەشێوەی ڕاستەوخۆ، ئابووری، پیشەسازی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ڕۆژانەیان لەژێر کۆنترۆڵ و سانسۆر دایە. وەک سەدەکانی پێشوو لەگەڵ خەڵک ڕەفتار دەکەن و بە ڕێگای سانسۆرەوە لەمپەر دەخەنە پێش بیرکردنەوەی سیاسی و بەشداریکردنی خەڵک لە چارەنوسی خۆیاندا.

لەو وڵاتانەدا هەتا ئەمڕۆ دەیان هەزار کەس بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بەیاننامە تەقەیان لێکراوە و ئەگەر نەکوژرابن و بە زیندوویی گیرابن، خراونەتە ژێر شکەنجە و بە ساڵان لە زیندانەکاندا ڕاگیراون. فەرمانی (قەڵەمەکان بشکێنن)ی خومەینی لای هەموو کەس ئاشکرایە.

١- شێوەی تری سانسۆر، ئەو سانسۆرەیە کە لە لایەن بەرەی ئوپۆزیسیۆنەوە بەڕێوە دەچێ. ئوپۆزیسیۆن و لە پێشەوەی هەموان ئەو ڕێکخراوە سیاسیی یانەی دەرفەتی خەباتی ئاشکرایان بۆ نەڕەخساوە، لە ترسی ئەوەی نەوەک دوژمن بە کەموکوڕییەکانیان بزانێ و کەڵکی خراپیان لێ وەرگرێ، لە هەندێک جێ دا ئەندامەکانیان کۆنترۆڵ دەکەن و سانسۆر دەخەنە سەر نووسراو و بڵاوکراوەکانیان و تەنانەت مێژووی خۆیشیان بە هەڵە دەنووسنەوە و ئامادە نین ئاماژە بە شکست و هەڵەکانیان بکەن.

لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت لەو سویدەش کە ئێمەی لێ دەژین، کەسانێک هەن بە مەبەستی خزمەت کردنیان بە بزووتنەوەی کورد دەیانەوێ نووسین و بڵاوکراوەکان سانسۆر بکرێن و ڕاستییەکان نە گوترێن، تەنانەت ئەگەر بەڵگەی حاشا نەکراویشیان لە پشت بێ. ئەو کەسانە کە ژمارەیان زۆر نیە، لەوە بێخەبەرن، کە سانسۆری سیاسی لە خزمەتی دوژمن دایە و ئەگەر کورد تا ئێستا سەرنەکەوتووە و کیانی بە ڕەسمی نەناسراوە و دەوڵەتی خۆی نیە، هۆیەکەی لەپێش هەموو شتێکدا دەگەڕێتەوە سەر سانسۆر و بەپێچەوانەوە نیشاندانی دۆزەکە.

ئەو کەسانەی باوەڕیان بە سانسۆرە، ئەگەر بۆ ئەوە دەخوان سانسۆر بخەنە سەر نووسراوەکان، تا دوژمن تاکتیکی ئەنجام نەگەرتووی ڕێکخراوەکانی بۆ ڕوون نەبێتەوە، ئەوە کارێکی ڕەوا و پێویستە و دەبێ هەموو لایەک لە بەرامبەریدا هەست بە بەرپرسایەتی بکەین و نهێنییەکانمان بپارێزین، بەڵام ئیتر ئاماژە کردن بە ڕابردوو و دەست نیشان کردنی هەڵەکانمان ئەسڵە و دەبێ لەبەر چاویان بگرین بۆ دوا ڕۆژ ئەزموونیان لێ وەرگرین. ئەو جۆرە نووسینانەی کە لە ڕابردوو دەدوێن ئەوەندە قازانج بە دوژمن ناگەیەنن، کە بۆ خۆمان قازانجی هەیە.

دوژمن بە ئیمکاناتی بەرفراوانی گەلێک بە ئاسانی دەتوانێ دەست بخاتە نێو نهێنییەکانی ئێمە. ئەوانەی لە بزووتنەوەکاندان و دوای ماوەیەک ماندوو دەبن و خۆیان بەدەستەوە دەدەن، یان ئەوانەی دەگیرێن، یاخود ئەو بەڵگانەی بە شێوەی جۆراوجۆر دەکەونە بەردەستی دوژمن و سەرئەنجام زار ئاوەڵەیی ئێمەی کورد لە کاتی باس و گفتوگۆی سیاسیی دا و وریا بوونی سیخوڕەکانی دوژمن ئەو ڕاستییەیان سەلماندوە، کە دوژمن ئاگاداری کردەوەی ئێمەیە.

کورد لە پلەی نەتەوەیەکی کۆلۆنی دا، جیا لەو تاکتیکەی ئاماژەم پێکرد، هیچ شتێکی نیە کە لە دنیای بشارێتەوە و ئەوە دوژمنە تەنانەت دەیەوێ ناوی کوردیش سانسۆر بکات و ناوەکەشی نەهێڵێ. ئەگەر دوژمن دەرەتانی سانسۆری کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ی ببوایە، قەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یاسای ٦٩٨ی بۆ کوردی باشووری کوردستان پەسەند نەدەکرد. ئەگەر تاوانەکانی دوژمن لەقاو نەدرێن، دوژمن پێشگیرەوەی نابێ و بە ویستی خۆی نەتەوەکەمان دەچەوسێنێتەوە. هەروەها ئەگەر ئاماژە بە کردەوەی زیانباری ڕێکخراوە کوردییەکانیش نەکرێ، ئەوە ڕێگا چارەی هەڵەکان نادۆزرێنەوە، هەر وەک مێژووی نەتەوەکەمان پێشانی داوە، هەڵە بە هەڵە چارەسەر دەکەین، کە ئەویش بە قازانجی دوژمنە، بۆیە قەت ئاماژە بە هەڵەکانمان ناکات و نایەوێ وشیارمان بکاتەوە و چەوتییەکانمان چارەسەر بکەن. بۆیە گوتن و نووسینیان لە لایەن نووسەران و دڵسۆزانی خۆمانەوە باشە و بۆ ئازاردان و ئێشاندنی خۆیی نیە.

گەشەکردنی پیشە سازی و هاتنە مەیدانی دەزگاکانی ساتالیت، فاکس و بە تایبەتی ئینتەرنێت، ئەمڕۆ دنیایان زۆر بچووک کردووەتەوە. ئەو پێشکەوتنە بەپەلەیە خەریکە سانسۆر و کۆنترۆڵ کردن بخاتە نێو گڵ. ئەمە دەستکەوتێکی هەرە مەزنی مرۆڤی ئەم سەدەیەیە، کە خۆی ئامادە دەکات لە کۆتایی هەزارەی دووەمدا، بە بەبێ سانسۆر ئێش و ئازاری خۆی لە چەند دەقیقەیەک دا بە گوێی دنیا بگەیەنێ. هەر لەوکاتەشدا غەم و پەژارەی خستووەتە ناو دڵی داگیرکەران و حکومەتە دیکتاتۆرەکانی جیهانەوە. چونکە ئەوان پەتەیان پتر دەکەوێتە سەر ئاو. ناتوانن پێشی بڵاوکراوەی ڕێکخراوەکان بگرن و ڕێکخراوەکانیش ناتوانن بە شێوەی کۆن خەبات بکەن و هەموو لایەک دەبێ خۆیان نوێ بکەنەوە و لە دنیایەکی بێ سانسۆردا بەرەو پێش بچن.

# گەڕان لە دووی ژن

حەمە سەعید حەسەن

لای خۆمان جیابوونەوەی ژن و مێرد کارەساتە، لێرە: ناڵێم کارێکی ئاساییە، بەڵام هێندێکیش سەخت نییە. لێرە: ژن لە رووی ئابوورییەوە پاشکۆی پیاو نییە و ژنی جیابووەوە بە چاوێکی سووکەوە سەرنجی نادرێ. جێی سەرنج و داخە دیاردەی جیابوونەوەی ژن و مێرد لە نێو کوردی سوێددا بە جۆرێ پەرەی سەندووە. کورد لە سوێدییەکانی تێپەڕاندووە.

وا پێ دەچێ وڵات نەبێ لە جیهاندا هێندەی سوێد رێزی ژنی تێدا بگیرێ. لێرە: ناڵێم ژن پیاوی خواردووە، بەڵام ئێستا لە خێزانی سوێدیدا ژن بۆرژوایە و مێردیش پرۆلیتار. لێرە: خوایە گیان بە کوفری وەرمەگرە، بە پێچەوانەی دەقی قورئانەوە، ژن سەرداری پیاوە!

سوپاس و ستایش بۆ خوا من یەکێک نیم لەو پیاوە زۆر و زەبەندانەی بە دەست ژنەوە داماون و وەک لایەنگری ژنیش ناسراوم و نیازی بادانەوەیشم نییە. بەڵام چونکە نامەوێ ڕاستی لە خوێنەر بشارمەوە ناچارم بڵێم: بەشێک لە ژنی کوردی سوێدنشین چونکە لەپڕ بە هەموو مافەکانیان شاد دەبن، بەراوەژوو سوود لەو ئازادییەی ئێرە وەردەگرن و جیابوونەوە بە شتێکی هێندە ئاسان دەزانن. بۆ تەڵاقدانی پیاوەکانیان هەمیشە لەسەر پێن.

ڕەحمان قەرەشاخی* یەکێک بوو لە لەشکری پیاوانی بە ناڕەوا تەڵاقدراو و بە دوای ژندا دەگەڕا. پیاو زێتر لە پەنجا پاییز بەسەر لە دایکبوونیدا تێپەڕی کردبێ و لە سەگیش سواڵ بکات، دیارە نەک هەر پێشمەرجی نابێ بەڵکو وەک لای خۆمان دەڵێن بە دۆیش دەیژەنێ.

ژنێ هەبوو سەردەمی زوو لەگەڵ ڕەحماندا هاوبیر بوون، ژنگەلێکی زۆری دەناسی و جێگەی متمانەیشیان بوو. ڕەحمان پێی گوتبوو: خوشکی چاک بە ژنێکم بۆ پەیدا بکە، بێ ژنی هەر بۆ خوا باشە. تۆ ژن زۆر دەناسیت و دەزانیت هەندێکیان لەگەڵ مێردەکانیاندا ناکۆکن و دەترسن شوویان دەست نەکەوێتەوە، بۆیە جیانابنەوە، تۆ یەکێ لەو ژنانە قایل بکە و لە بری من پێی بڵێ ئەمڕۆ جیاببێتەوە:

یەکەم: سبەینێ خوازبێنیکەران دەنێرمە سەر بەرەکەی.

دووەم: هیچ مەرجێکم نییە و هەموو مەرجەکانیشیم قبووڵە.

سێیەم: هەمیشە پانیبەرزەکانی دەخەمە سەر تەپڵی سەرم.

ڕەحمان زۆری هەوڵدا بەڵام هەمیشە هەر درکی دەدوورییەوە. یەکێ لەو ژنانەی ئەم مرخی لێ خۆش کردبوو گوتبووی: من ژنی پاشای شار بووم چۆن شوو بە شۆفیر دەکەمەوە! یەکێکی تریان کە دەستی شیعریشی هەبوو گوتبووی: با خەو بە ئامێزی منەوە نەبینێ. شوێنی شیاوی قالۆنچە** هەر شیاکەیە***. یەکێکی دیکەیان گوتبووی: ئەم کۆڵکە شاعیرە خۆی لە من کردبوو بە مامۆستا گۆران!

ڕەحمان تەنیا وەڵامی ئەمەیانی دابووەوە:

- جا ئەو ئاگای لە چییە؟ من حاڵی حازر لەسەر خواستی شاعیرە ناسراوەکانی کورد سەرقاڵی کردنەوەی کۆرسێکم لە زانکۆی ئوپسالا، بەو مەبەستەی فێری ڕێسا شارستانییەکانی شیعر نووسینیان بکەم.

ڕەحمان وەک کەسێکی قومارپیشە بە گیانێکی وەرزشکارانەوە، بە ئارامێکی عەیبویانەوە و بە ورەیەکی هەڵۆیانەوە پێشوازی لە تێکشکانە یەک لە دوای یەکەکانی دەکرد و بە برینەکانییەوە هەڵدەستایەوە و هەموو جارێ کە دەستیان بە ڕوویەوە دەنا وەک سەرەکتیریەکی کۆڵنەدەر دەیگوت: لەقەی ماین ژانی نییە. ئێستا هێندەی نووکە دەرزییەک جێ لە جەستەی نەماوە لەقەی ماینێکی پێوە نەبێ.

ڕەحمان لە هەموو شەوە کوردییەکاندا ئامادە دەبێ و چاوێکی دەکات بە چوار و بۆ ژنی دەگێڕێ، لە یەکێ لەو شەوە جەنجاڵانەدا کە هاوێزی بەرپرسی گشتیی ئەشکەنجەدانی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەبێ، بە شانازییەوە بە شاعیرێکی قسە لە ڕوو دەڵێ:

- لەگەڵ کاک هیوا جەسووردا پێکەوە دانیشتووین پێم خۆشە بە یەکدیتان بناسێنم.

- ببوورە من دەست ناخەمە ناو دەستی جەللادەوە.

شەوی کوردی نییە شەڕی تێدا نەبێ. هەر هەمان شەو هەندێ چەقۆکێشی سەرخۆش برێ سووکە نووکە چەقۆ لە ڕەحمان دەدەن. بۆ سبەینێ بەرپرسی چەقۆکێشان بە چەپکێ گوڵەوە سەردانی شاعیرۆکەی بریندار دەکات و پێی دەڵێ: ببوورە ئەو کەمفامانە بە هەڵە پەلاماری تۆیان دا. دەبوو لە شاعیرە زماندرێژەکە بدەن.

سیمۆن دی بۆڤوار لە نامەیەکدا بە نیلسۆن ئالگرین ی ڕۆماننووس دەبێژێ: (ماڵت بۆ گەسکدەدەم، چێشتت بۆ لێ دەنێم، قاپوقاچاغت بۆ دەشۆم، وەک ژنە عەرەب گوێ لە مستت دەبم و ناپاکیشم لێ بکەی هەر پێت قایلم).

ڕەحمانیش نەگبەت بوو. پاپووچی ژنانی وەک تاج لەسەر دەنا، کەچی هیچیان بە چاوی سۆزەوە سەیریان نەدەکرد. ڕەحمان شەوێ کرۆکی خۆی خستە ڕوو، بە سەرخۆشی گوتی: گۆڕەکەی ئیمامی شافیعی پڕ بێ لە وەنەوشە و نێرگز، هەر ئەو نیشانەی پێکاوە کە گوتوویەتی: (ژن ئەگەر ڕێزی بگری سووکایەتیت پێ دەکا، ئەگەر سووکایەتی پێ بکەی ڕێزت دەگرێ).

ژاری ماری حەوتسەر لە چاو ئەو ژانەدا ژن بە گەرووی ڕەحمانیدا کردبوو، شەربەتی مێوژ بوو، کەچی هیچ سوودی لە ئەزموونی تاڵی خۆی وەرنەگرتبوو، کە بۆ ژن دەگەڕا لە نێچیرێک دەچوو بە دوای ڕاوچیدا بگەڕێ. لەوەتەی ڕەحمان دەناسم، کە لێی دەپرسم: خەریکی چیت؟ دەڵێ:

دەسووڕێمەوە وەکوو هەنگ
بۆ ژنێکی شۆخ و دەبەنگ.

لەوەتەی دەیناسم نەمدیوە دەستی لە دەستی ژندا بووبێ. دەستیم هەر لە کیسەی نایلۆندا بینیوە.

١٩٩٩/٥/١١

*- ڕەحمان کەسێکی ڕاستەقینە نییە زادەی خەیاڵە.

**- قالۆنچە.

***- نالی چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی!
خۆ تۆ بە حیسابێ وەکو پەروانە شەمت بوو.



www.arsivakurd.org

# دوو کتێبی نوێ

نەوزاد وەلی

– لەم ماوەیەی دواییدا کتێبێک کەوتە دەست خوێنەران بە ناوی (**کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان**)، لە نووسینی کاک حامید گەوهەری.

هەڵبەتە یەکەم جار نیە کە ڕاستەوخۆ باسی کۆمەڵەی ژێکاف بکرێت، بەڵام گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە یەکەم جارە کتێبێک ژمارەیەکی ئاوا زۆر بەڵگەنامەی زیندوو لە خۆی بگرێت.




ئەم کتێبە و بەڵگەنامە گرنگەکانی، ئەو کێشەیە چارەسەر ئەکەن کە ساڵانێکە نوسەرانی کورد و بێگانەش لەسەری ڕێک نەئەکەوتن کە ئایا ژێکاف ژیانەوەی کوردە یان کوردستان؟

لەوانەیە بۆ زۆر کەس گرنگ نەبێت کە ژێکاف مەبەست لە کامیانە، بەڵام گرنگیی ژیانەوەی کوردستان لەوەدایە کە کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مێژووی هەزاران ساڵەی چەسپاو، هەیە و کەس نەیتوانیوە و ناتوانێت نکۆڵیی لێبکات، بەڵام کێشەکە لەسەر نیشتمانەکەیە، واتە کوردستانەکە، هەربۆیە ژێکاف-یش بەو مەبەستە دروست بووە کە کوردستان ببوژێنێتەوە و قەوارەیەکی سیاسی بۆ دابین بکات، هەروەک نوسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا، چەند وتەیەک دەربارەی مێژووی ژ.ک.. ئەڵێت: (هەروەک دەزانین، کۆمەڵە لەسەر بنەما و بنچینەی نیشتمانی و بۆ ئازادکردن و تێکخستنەوەی جەستەی زامدار و لەتوکوتکراوی کوردستان دامەزراوە. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لەو بڕوایەدا نەبوون کە کورد نەماوە و دەبێ زیندووی بکەنەوە، بەڵکو ئەوان کوردیان پێ نەتەوەیەکی نەمر و ئازا و ڕەشید بووە، ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە وجوودی حەقیقیی بۆ کورد نەبووە، نیشتمانی کورد بووە، کە لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا هەر ڕۆژەی کوتێکی لێ خراوەتە سەر خاکی داگیرکەران....).

نووسەر، تەواو خۆی ماندوو کردووە لە نووسینی ئەم کتێبەدا و لە هەوڵدان و گەڕان بۆ پەیداکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە سەرچاوەی باسەکەین و بە هۆیانەوە ڕاستی مەبەستەکەی ئەسەلمێنێت، وەک لە پێشەکی یەکەیدا دەرئەکەوێت کە بەرێز و سوپاسەوە ناوی چەندان کوردی دڵسۆز ئەبات کە کەم یان زۆر پشتگیری یان کردووە لە پەیداکردنی هەندێک لە بەڵگەنامەکاندا.

هەرچەندە ئەو کتێبە سەرکەوتووە لە مەبەستەکەیدا، بەڵام لەو بڕوایەشدام کە هێشتا سەدان و بەڵکو لەوانەیە هەزاران بەڵگەنامەی تر هەبن کە لە ئەرشیفی دامودەزگاکانی دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستان و دراوسێکاندا قەتیس مابن و تۆزی زەمانە لە خواردنیاندا بێت.

نوسین لەسەر ئەو قۆناغە مێژووییانەی گەلەکەمان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانە هەیە و بێگومان هەر هەوڵێکیش لەو بوارەدا پیرۆزە و جێی سوپاس و پێزانینە.

– کتێبی دووەم کە لەم ماوەیەدا دەست خوێنەران کەوتووە (**پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگی دا**)، گۆڕانکارییەکی نوێ یە لە نوسینیەوەی بەسەرهات و کارەسات و ڕووداوە سیاسی یەکانی کوردستاندا.




نوسەر، قادر ڕەشید، هەروەک کورد ئەڵێت (دەرزی یەک بکە بە خۆتدا ئینجا شوژنێک بە خەڵکدا) پێش ئەوەی بچێتە ناو قوڵایی ڕووداوەکانەوە، ڕەخنە ئەگرێت لە سەرکردایەتی و لێپرسراوانی حزبەکەی خۆی و هەڵوێست و سیاسەتە هەمەجۆرەکانیان، ئینجا سەرزەنشتی لایەنەکانی تر ئەکات و ڕەخنەیان لێئەگرێت. ئەو ڕاستی یەی کە لەم کتێبەدا بەرچاو ئەکەوێت ئەوەیە کە نوسەر بەسەرهاتەکانی پشتئاشان و هەندێک ڕووداوی بەرلەو و دوای ئەویش، بە شێوەیەک ئەگێڕێتەوە کە زۆر نزیکترە لە خوێنەری بێلایەنەوە وەک لەو گێڕانەوەیەی کە نوسەرانی تر لە کتێبەکانیان دا باسی هەمان ڕووداویان کردووە.

نوسەر لەو شەڕوشۆڕ و بەیەکدادانانەی کوردستاندا، تەنیا یەک لایەن بە تاوانبار و هەڵە دانانێت، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی نوسینەکانی ئەوانی ترە کە هەوڵیانداوە لایەنە ناحەزەکانیان تاوانبار بکەن و لایەنەکەی خۆیشیان بێگوناه و سەرکەوتوو.

لەوانەیە بۆ خوێنەری کورد شتێکی نوێ بێت کە کادیرێکی لایەنێک ڕەخنە لە لایەنەکەی خۆی بگرێت و بۆ جەماوەریشی باس بکات و بە کتێبیش بڵاوی بکاتەوە، بەڵام نوسەر هەروەک لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەڵێت: (لەوانەیە هەندێک کەسیش بڵێت ئێستا کاتی ئەو باسانە نیە! بەڕای من هەموو کاتێک باسکردنی کێشە و گیروگرفت و کەموکوڕی و کارەساتەکان بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و هەست بە لێپرسینەوە و عادیلانە، ئەبێتە هۆی ڕێگاگرتن لە دروستبوونی کێشە و گیروگرفت و ڕووداوی نوێ و ماڵوێرانی و سەرگەردانی گەلەکەمان و بزووتنەوە نیشتمانی یەکەی و ڕێکخراوی نیشتمانی...).

نوسەر بە هەڵە ناوی یەکدوو کەسی بە شەهید و خوالیخۆشبوو بردووە کە وادیارە هێشتا لە ژیاندا بن، بەڵام بە ڕای من ئەوە بە هیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر ناوەڕۆکی گرنگی کتێبەکە و وەڵام دانەوەی پرسیارە گرنگەکانی.

خۆزگە کەسانی تریش ئەم ڕێچکە نوێ یە بگرنەبەر لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی کوردستاندا.

www.arsivakurdi.org

دەرگایەش بەڕێم بکەی؟ تەنیا خۆم دەزانم بەم کردەوەیەت چۆنت شکاندم. من لەو کاتەدا ئەوەندە دڵمەند بووم، نەم دەتوانی تاکو پەی بە ڕازی دەروونت نەبەم، ڕێگای هات و نەهات بگرمە بەر. جا بۆیە گەڕامەوە و گوتم:

– مینا ئەم ڕێگایەی من بۆی دەڕۆم، ڕێگای تۆشە، حەستەم و هەڵدێرە، ئەمجارەیان ئەگەر هات و کەوتم و هەڵنەستامەوە چی؟ داخوا لە سەر بەڵێنەکەی پێشووت ماوی؟ واتا لە سەر گۆڕەکەم پۆلێ گوڵی مینا دەنێژییەوە؟

ڕووت وەرگێڕاو گرژ بووی، وەڵامت داوە:

– «نا! چونکە ئەم سەفەرەیان لە پێناو پاراستنی شەرەف و نامووسی میناکەت گیان بەخت ناکەی! بەڵکوو ئێستا چووی دە قاپێلکی گورگێکی درو هارەوە و کەڵبت بۆ درین و خواردنی ئێسک و گۆشتی براکانت تیژ کردووە.» بە وەڵامەکەت سەرم سوڕما و پەشۆکام. بە دڵی پڕ لە خەم لێم دوویات کردییەوە :

– مینا جوانەکەم، بەڕاستی لە قسەکەت دڵنیای؟!

تووڕەتر لە پێشوو وەڵامت داوە:

– «بەڵێ دڵنیام! مەگەر ئەوە نیە دەت بینم، بەم چەکە خوێناوییەی کە دوژمنی ڕەچەڵە و نامووسی من لە مستی ناوی، خیانەتێکی مێژوویی تر دوویات دەکەیەوە. برۆ! برۆ!... خۆ نەناس خێرا ون بە لەبەر چاوم، چونکە تۆ بەرگی خیانەتت پۆشیوە! ئەوە پێت دەڵێم: مادام کە بەرگی تاوانبارییت لەبەر خۆت دانەڕنیوە، وەخۆت ناگرمەوە! لەوەش دڵنیابە، ئەگەر هات و بە هیلاکیش چووی، لەسەر ئەم خاکە گۆڕێک بۆ تۆ لە ئارادا نیە و قەبری تۆ تەنیا نێو ورگی کەمتیار و قەل و داڵە.... »

ناڵەو هاوارێک بە بەرزایی چیای قەندیل و بە درێژای ڕووبارەکانی داوێنی چیای گۆڕین لە ناخی ئەویندارەکەی مینا بەرز بووەوە و بە ناڵە و هاوارەکەی لوتکەی کێوەکان سەریان نواند. ڕووبارەکان ڕاوەستان. مانگ تەمی گرت و هەوران نەزۆک مانەوە. ڕەشەبا کەوت و دنیا کش و مات، جگە لە دەنگی هیوای ئەویندارەکەی مینا دەنگێکی تر نەبیسترایەوە. ئەویندار ڕابوو، هەستایە سەر پێ چەند هەنگاوی بەرەوپێش نایەوە و ئەوجار پڕ بە دۆڵەکان هاواری کرد:

– «میناااا... مینا هەناسەی ژیانم، بمبووره!... بمبووره ئێستا هوشیار بوومەوە کە تۆ خەیانەت و ئەتکی حورمەتت پێ کراوە... بەجێم مەهێڵەو ڕاوەستە! شەرتی پیاوان بێ بە دڵ و گیان نەوازشت بکەمەوە!... ژینەکەم، من ئەویندارێکی بێ خەل و خەوشتم، ڕاوەستە گوڵەکەم، مینا مینا!!... من مرۆڤێکی ساویلکە و فریو خواردووم. هاااا...! هەر بۆ ئەوەی چاوەکانی تۆم بۆ بمێنن، ئەوە بە هەموو هێزو توانامەوە قۆنداخی چەکەکەم لە گابەردان ڕاکێشا و جل و ڕەختی خەیانتم داڕنی بەرەو هەڵدێرانم تووڕدان! من شەرمەزارتم مینا گیان، بمبوورە!... من بەبێ خۆشەویستی تۆ نازیم! ڕووت بکەوە، باوەشی گەرمی خۆتم بۆ ئاواڵەکە و لەم شەوەزەنگە ڕەشەبا داگرتوویەم ڕزگار بکە!!... » شنەی بۆن خۆشی بەرە بەیان هەڵی کردی. ئاسۆ ڕوون بووەوە و ئاشتی ڕووی تێکردینەوە و مینای بۆن خۆش گەش بووەوە ...

# کورد بەرەو پەرلەمانی ئەورووپا



پارتی ژینگەی سوید (سەوزەکان) لە ڕۆژانی ١٣-١٩٩٩/٥/١٥ لە شاری کریستیان ستاد لە باشووری سوید کۆتایی بە کاری کۆنگرەی ئاسایی خۆی هێنا و ئاڵوگۆڕێک لە کۆمیتەی ناوەندییەکەی دا کرا. ئاڵوگۆڕە سەرەکی یەکان بریتی بوون لە: گۆڕینی یەک لە دوو سەرکردەکانی حیزب « SPRÅKRÖR » و سەرکەوتنی سێ ئەندام بۆ کۆمیتەی ناوەندی ؛ دوو لەوان خەڵکی لاتین ئەمریکان و سێهەمیش ئاسیا. یەکێک لە خاڵە سەرنج ڕاکێشەرەکانی ئەو کۆنگرەیە بۆ کوردەکانی دانیشتووی سوید، هەڵبژاردنی سیاسەتزانی کوردی ئەندامی کۆمەڵەی کوردی ئومیۆ، جەبار ئەمین بوو، بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزب.

جەبار ئەمین تەمەنی ٤٠ ساڵە و لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە و لە دانیشگای ئومیۆ بڕوانامەی زانستی ماجستێری لە زانستی سیاسەت وەرگرتووە.

کاک جەبار نمونەی ڕووناکبیری سیاسیی کورد و ڕۆژنامەنووسێکی بە توانایە لە وڵاتی سویددا. هێندەی ئێمە ئاگادار بین، ناوبراو یەکەم کوردە کە جێگایەکی ئاوا دیار و گرنگ لە تەلاری ڕێکخراوەیی حیزبێکی سیاسیی بەدەسەڵاتی ئەورووپیدا وەردەگرێت کە ئێستا بەهاوکاریی پارتی سۆسیال دیموکرات و پارتی چەپ، حکومەت بەڕێوە دەبەن.

جەبار ئەمین یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی پارتی ژینگە بۆ پەرلەمانی ئەورووپا.

ئاوردانەوەی ڕووناکبیرانی کورد لە سیاسەتی ئەورووپا و دەرکی ڕۆڵی گرنگی ئەو دەسەڵاتە لە سیاسەتی جیهانی و کارکردی لەسەر دوارۆژی مەسەلەی کورد و ڕاکێشانی بۆ نێو بازنەی سیاسەتی ئەورووپی، تێگەیشتنێکی قوڵ و ماناداره لە چەمکی سیاسیی سیستەمی نوێی جیهان و ڕۆڵی ئەو سیستەمە لە ئاڵۆسکاندن یان ئاسانکردنی ڕێگەچارەی تەنگژە و گرفتە ئاڵۆزەکانی جیهان و لەوانەش کێشەی کورد.

بە گەرمی پیرۆزبایی لە کاک جەبار ئەمین دەکەین و دڵنیاین کە لەو کەناڵە گرنگەی خۆیەوە دەتوانێت خزمەت بە چوونە پێشەوەی مەسەلەکەمان دەکات لە ئاستی ئەورووپادا.

هەموو چەک و تەقەمەنییە نوێییەی کە لە هەرلایەکەوە بە لێشاو لام هەڵڕژاوە، دیسانیش ترس و خۆفێکی سامناک جەغزی بە دەورمدا کێشاوە...! مینا، من باش دەزانم کە هەموو خوێنرێژێک ترسەنۆکن! منیش ئێستا خوێنرێژێکی ترسەنۆک زیاتر نیم و ئیتر ئەو شێرەی جاران نەماوم کە حەزت لێ دەکردم. چونکە دەستێکی سوور تۆویی ناهومێدی و ترسی لە دەروونمدا چاندووە! هەر وەک تۆی بۆن خۆشیش بە خێرایی لێم تەریک و لە هەناسەی گەرمی خۆت بێ بەریت کردووم. ئەمە بزانە پاش تۆ پتر ڕەنگ و بۆنی گوڵ و گوڵزاری هیچ جێیەکی ئەم جیهانە هەستم نابزوێنێ و قاقای مەستانەم تێدا بەدی ناهێنێ.

— مینا لەبیرتە زەماوەندەکەمان لە چ کات و ساتێک دا بوو؟ دروست لەم ڕۆژانەدا کە تاسەکان سەریان هەڵدابوو و دەگەیشتنە ئامانج! مەبەستم ئەو ڕۆژانەیە کە دەستەی کیژۆڵانی چاو مەست و کوڕانی گورج و گۆڵ و سەرکەتوو، بە کۆمەڵ لەنێو چوار باخی گەل دا گەڕی دیلانیان دەگێڕا. ڕەشبەڵەکی کوڕ و کاڵ، پەنجەیان لە نێو پەنجەی یەکتردا، هەر جارە بە نۆرە، شێوە هەڵپەرکێیەکیان بە کارامەیی و وەستایانە دەگێڕا. خۆ لاوان لەو ڕۆژەدا وەها بلیمەتانە پێیان لە هەرد دەدا، هەر دەتگوت قەت داوەتێکی ئاوا خۆشیان نەدیوەو یان جارێکی تر گۆڤەندێکی ئاوا ڕازاوە نابیننەوە. مینا گیان! لەم ڕۆژە مێژووییەدا، گەرمی پەنجەکانت لە نێو پەنجەمدا تەواوی هەست و بیرمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو، هەرچی زیاتر پەنجەتم دەگوشی، ئەوین پترو پتر بە جەستەم دا دەگەڕا، هەرجارە کە بە نازەوە تێلی نیگات هەڵدەبڕییە لام، سەد ئەوەندە زیاتر پەلەی هەڵمژینی لێوەکانتم لە لەشدا دەگەڕا. ئێستاش، هەر ئەم ساتە، پاش ئەو ماوە کورتەی ژیانی هاوبەشیمان، هیچ گۆڕانێک لە خۆشەویستیم سەبارەت بە تۆ پێک نەهاتووە. بەڵکوو هەر وەک ئەو ڕۆژە کە سوجدەم بۆ ئاستانەی دەرگاکەت بردو بووم بە ئەوینداری ئەڵقە بەگوێت، زیاترت دەپەرەستم. بەڵام... ئێستا تۆ گۆڕاوی و خۆشەویستییەکەی جارانت نەماوە، بەڵکو ڕق و بێزاریت لە ڕووخسار و چەک و ڕەختی من بە ئاشکرا دیارە. دڵڕەق مەبە! بەم کردەوەیەت ڕووخاوم و بەبێ هەناسەی گەرمی تۆ هەست بە هەستانەوە ناکەم.

— ئاخ! چ شەوەزەنگێکی سامناکە! ڕەشەبا بۆ نای بڕێتەوە؟! ئەم شەوە شوومە بۆ دوایی نایە؟! نازانم من لەم شەوە تاریکەدا دژ بە کێ ڕاوەستاوم و مەتەڕێزم لە کێ گرتووە؟ ترس!... ترس لە کێ؟... تۆ بڵێی ئەم ترسە، لە بەر ڕق و تووڕەییەکەی میناکەم نەبووبێ؟... بۆ؟ خۆ من هیچ کارێکی ناڕەوام دەرحەق بە چاوە جوانەکانی نەکردووە. ئەدی بۆ ترس؟... هەی دادو بێداد!... ئەم شەوە چەند درێژ تەمەنەو بۆ کۆتایی نایە؟ کوان، چیان بە سەرهات ئەو شەوانەی کە لەجێی ژوان، ئاواتی نەبڕانەوەم بۆ دەخواستن؟ کوان شەوانی ساماڵ و پڕ ئەستێرە؟! کوان...! بۆ ئێستا ئەم شەوەم لێ بووەتە مۆتەو بە ئەوکمەوە نووساوە! دەترسم!... دەترسم...!! لە شەوەزەنگ دەترسم. نەک هەر شەوەزەنگ، بەڵکوو لە یارانێک کە تا دوێنێ لە سەر لوتکەی بەرزی ئەم کوێستانانە، دژ بە ئەژدهاکی زەمانە ئاگری نەورۆزمان دەکردەوە... دەترسم...! دەترسم لەوە هەر ئێستا بۆ نێو ئەم حەستەمە زەردەمایەی حەشارگەم پەلامارم بدەن و لەباتی نەیارەکەی دوێنێمان، کوت کوتم بکەن!... میناکەم! داخوا پاش ئەم کارەساتە هیچ فرمێسکی بەزەییم بۆ هەڵوەرێنێ؟ بەڵام نا مینا! تۆ نابێ لەبیرت بچێ، من بۆ وەدەست هێنانی هەر گوشەیەک لە چاوەکانت چ بەهایەکی گرانم داوە! بێ وەفا مەبە، قژکاڵەکەم! من بۆ ماچێکی بە ئازادییت زۆرم ئازار کێشاوە و ئارەقی ڕەنجم ڕشتووە! نەشمیلانەکەم. من خۆر و هەور و بارانم لە ڕووی تۆدا دۆزیوەتەوە. لەبیر ناکەم شەوەکەی کە کلوکلو بەفر دەهاتە خوارێ و منیش لەسەر ئەم چیایە، هەر لەم شوێنەدا لە خەمی دووریت خەوم لە چاوان زڕا بوو، هاتبووم پاڵم بە دارێکەوە دابوو، بە ئاواتی ئەویندارانەوە دەمڕوانییە ئەو ئاسمانەی کە میچی هەورەکانی، ڕووناکی شار دایانپۆشیبوو. من لەو کاتەدا وام هەست دەکرد کە ئەو نووره تەنیا شەوقی جوانی تۆیە، نێو دڵم ڕووناک دەکات... بەڵام ماوەیەکە سروشتت گۆڕاوە و تەواوی ئەو شنە بۆن خۆشانەی کە لەلای تۆوە پەیامی سەرکەوتنیان بۆ بە دیاری دەهێنام، لێم بوون بە ڕەشەبایەکی خنکێنەر و قورگمیان کپ کردووە. میناکەم! من مرۆڤێکی دڵ ژان گرتووم. منداڵێکی لە دایک و باوک هەڵبڕاوم، پێویستم بە نەوازشت هەیە. گیانەکەم...! وەرە لێم مەتۆرێ و هەر وەک ئەو سەردەمەی کە دیلی بەردەستی نەیار بووی، پەنجە گەرم و نەرمەکەتم بە سەر دابێنەوە و بە لەفزە شیرینەکەت بم لاوێنەوە. ئاخر من مردووی تۆم و بە تەواوی هەستمەوە دەتپەرستم. ڕوحەکەم لێت تێر نەبووم، بەردەوام تینووی خۆشەویستیتم. وەرە چاوەکەم فکر لەو شەوە بکەوە کە لە نێوشار سووکە برینم هەڵگرتبوو، لە تاو عیشق و تەوافی کابەی ئاواتم، بە برینداری لە یاران هەڵبڕام و بەپەلە هاتمە ئاستانەی دەرگاکەتان و تۆش وەک هەمیشە چاوەڕوانم بووی؟ من بە شەلە لێت نزیک بوومەوە و بەدەم پێکەنینەوە گوتم:- منیا، بریندار بووم! بەڵام مەترسە برینەکەم سووکە و جێی مەترسی نیە.

هەرچەند لەوکاتەدا بەڕواڵەت بە ڕووی خۆت نەهێنا، بەڵام من لە شڵەژان و لەرزینی دەنگە ناسکەکەت بۆم دەرکەوت، خۆشەویستی یەکەت سەبارەت بەمن چەند قووڵە. من ئەویندارو تینووی ئەوینی تۆ بووم، چۆن دەکرا بێ ئەوەی خۆشەویستییە بە نهێنی پاراستراوەکەت لە زمان دەرنەکێشم و هەروا لە نێو دڵی شەوگاردا ملی ڕێگا بگرم و بڕۆم؟ ڕاوەستام، بە دەنگی کز لێم پرسی:

— مینا پرسیارێکت لێ دەکەم! ئەگەر هات و شەهید بووم، داخوا دێیە سەر گۆڕەکەم؟ تۆش بە لەسەرخۆیی وەڵامت داوە:

— «بڕیار بێ، ئەگەر هات و شەهید بووی، هەموو ساڵێ لەکاتی وەرزی بەهاردا، بەدەم لاوک و حەیرانەوە چەپکە گوڵێکی ڕووەکی لەنێو زەمەند و زنوێری کوێستانەکانی ئەم دەشت و دۆڵە خوێناوییە بچنم و لەسەر گڵکۆتی دانێم و بۆ بەرگری لە ژاکان و سیس بوونیان، هەتا وەرزێکی دیکەو چەپکە گوڵێکی دی، ئەم بسکەمیان بۆ بکەم بە سێبەرو پەرژین.»

مینا تۆ پاڵپشتێکی ئەوتۆی بەهێزم بووی! چ قەوما کتومت وا لێم تەریک و لالووت کەوتی؟ بۆچی؟!... لەبەر چی بێ وەفا، هیچ دەزانی ئەم سەفەرەی دوایی وەک ساڵانی ڕابردوو نەهاتی بە دەم لەفزە هاندەرەکەتەوە تەنانەت تاکوو بەر

www.arsivakurd.org

# شەوەزەنگ

سیامەند شێخ ئاغایی

شەوگار بە نیوە گەیشتبوو. مرۆڤێکی تەنیا لە ژێر پەردەی ترسی شەوەزەنگ و رەشەبادا، لە پەنا گابەردێک دا چەکەکەی بە سنگی یەوە نووساند بوو. خۆی گرمۆڵە کرد. وەک رێویەکی ترسنۆک، بێ ئۆقرە لە هەر خشپەیەک دەسڵەمی یەوە.

بۆ تاوێک چاوەکانی نوقاندو رۆژگاری پڕ تین و تاوی پێشمەرگایەتی هێنایەوە سەر شریتی بیرەوەرییەکانی، واتا ئەو سەردەمە کە ئەو شێرێکی بوێرو لە داو نەکەوتوو بوو، سەری بۆ فرعەونەکان دانەنواند بوو. بۆ گەیشتن بە ئەوینی پاکی "مینا"ی بێ گەردی، ماندوویی و دڵەڕاوکێ نەیان توانیبوو بە چۆکی دابێنن. ئەو بە رۆژ سوڵتانی نێو چیاکان و بە شەو میری نێو شارو ئاواییەکان بوو. هەروا لە کۆڕی خەباتدا بیرو بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەبوو. لەڕوانگەی ئەوەوە خەبات و ئەوین دوو یاری لێک جیا نەکراوە بوون؛ خەبات بە بێ ئەوین بۆ ئەو مانایەکی نەبوو. چونکە ئەو سەرکەوتنی لە ئەوین و خۆشەویستی دا دەدۆزییەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەم مێرە ئازایە خۆشەویستی گەلی خۆی بوو، لە هەر لاوە پیرو لاو بە پیریەوە دەچوون و ئامێزی گەرمی خۆیان بۆ دەکردەوە. ئەویش لەنێو شەپۆلی رێزو حورمەتدا، شانازی بە خۆ دەکردو چەکی شان و جامانەی لاری لێ نەدەبوو بە خورەی شەرەف و ئابڕو.

ئەو کاتێک فامی کردووەتەوە لە شەوێک دا، کە مانگی چواردە لەگەل سەری وەدەرنابوو، بە تیشکی، ڕووی زەویی ڕووناک کردبووەوە. چاوی بە کیژۆڵەیەکی دیلی بەردەستی دووژمن کەوت کە بۆ جوانی لەگەڵ تیشکی مانگ شەڕی دەکرد، کیژۆڵەی جوان بە سێرەی نێو نیگای لاوی ئازای سەرسام کرد. لاوی ئازا بە هێوری چەند هەنگاوێکی بۆ لای کیژی جوان هەڵێنا، ئەوسا هەر دوو جوانچاک لەبەرامبەر نیگای یەکتردا بێ ئەوەی ورتەیان لەبەر بێ، بۆ دەمێکی کورت ڕاوەستان و سەیری بەژن و باڵای یەکتریان کرد. کات تەنگ و شوێن جێی مەترسی بوو، بەڵام پارسەنگی ئەم ئەوینە ئەوندە بەهێز بوو، بەلاوی ئازای سەلماند کە حەزلێکردوویی و گەیشتن بە ئەوینێکی پاک و بێ خەوش، تاوان نییە. هەر بۆیە بە هەڵنانەوەی هەنگاوێکی دیکە بەرەو ئاسکۆڵەکە، بە شەرم و نیوە شەرم، بە خێرایی بروسکەیەک شەوباشی بە سەردا ڕەوان بوو، ئەوسا لە حاڵێکدا ئازای ئەندامی ئارەقەی شەرم دایگرتبوو، بە سەبرایی سرتەیەک ناوی پرسی. کیژۆڵەی چاوڕەش بە دەنگێکی ناسکتر لەجریوەی مەلە باڵ نەخشینەکان، وەڵامی دایەوە: "مینا"! ئیدی لەم کاتە بە دواوە شۆڕەلاو دڵی بە چەشنی لاولاو لە بەژن و باڵای مینای بۆن خۆش ئاڵاو بوو بە ئەویندارێکی گیان فیدا.

شەوەزەنگ بنەی نەدەهات. ڕەشەبا بە وژە و هاژە، پرسیارە بە ئاخ و ئۆف داپۆشراوەکانی ئەم مرۆڤە لە پرزە کەوتووی بەرەو ئاسمانی سەر ماڵەکەی مینا لوول داو لە بارەگای پاکی ئەوین دایبەزاند:

– «مینا گیانەکەم! خۆ تۆ هەر هەمان میناکەی جارانی و هیچ لە پێش چاوی من نەگۆڕاوی. خۆت باش دەزانی من گیان بەختکەرێکی ئەلقە لەگوێتم و بۆ وەدەست هێنانی لەشی بۆن خۆشت لە هیچ چەشنە هەوڵێک درێغیم نەکردووە. چ قەوما و سووچم چ بوو، وا بە جارێک لەشی گەرم و گرشەگرشی چاوە جوانەکانت لە من تاران!؟ مینا لەبیرتە، شەوەکەی لەگەڵ هاوڕێیانم دەستمان بە سەر پێگە گەورەکەی نزیک ماڵەکەتان داگرت؟ ها!!؟ لە یادتە پاش سەرکەوتن بۆ وەرگرتنی مزگێنی خۆم گەیاندە بەر دەرگای ماڵەکەتان و تۆش بێ سەبرانە لە پشت دەرگا کەڵێنت دابووە دەرگاکەو چاوەڕوانم بووی؟ هەرکە چاوە خوا جوان کردووەکەت بە من کەوت. بە ڕوویەکی خۆش کەلێنت دایە دەرگاکە، بەڵام من لە ترسی نەیار ڕێگای هاتنە ژوورم نەبوو. تۆ لەو دیوی دەرگاو منیش لەم دیوی، تا بوولێڵی بەیانی دەستمان لەنێو دەستی یەکدا وەک دوو دارە سنەوبەر ڕوو بەیەک ڕاوەستاین و ڕاز و نیازمان کرد... لەبیرتە!؟ مینا گوڵەکەم! لەم کاتدا هیچ ئاگات لەمن بوو کە بە گڕی سەری قامکانت خەریک بوو لەشی بە ئەوین داپۆشراوم ببێ بە قەقنەس؟ چەندم حەز دەکرد ڕێگای هاتنە ژوورم بووایە و لە نزیکەوە بە هەڵمژینی بۆنی خۆشی سنگ و بەرۆکت، جەستە تینووەکەم پاراو بکەم. لە یادتە ویستم دەرگاکە بشکێنم و خۆم دە ئامێزت هاوێم، بەڵام تۆ خێرا کێشاوە و گوتت:

– نا، نابێ! ئەم سنگەم جووتە خەرمانێکی سوورو شەقڵکراوی تێدا هەڵدراوە و تا دەوراندەوری ئەم خەرمانە لە جەردەو ملهوڕان پاک نەکرێتەوە، ڕێگا نادەم هیچ گیانلەبەرێک دەستیان بۆ بەرێ!

مرۆڤی تەنیا سەری هەڵێنا و بە دەم ئاخێکەوە کە لە ناخی یەوە سەرچاوەی دەگرت، ڕوو بە تاریکی و پێچ و لوولی ڕەشەبادا گوتی:

– «بەڵام مینا، نازەنینەکەم! خۆ ئێستا لەم مەڵبەندە چەقەڵ و داڵ نەماون و ڕایان کردووە، تۆش بووی بە باخی پڕباری ژیانم. پێم ناڵێی تاوانم چیە کە ئەم خەرمانە سوورەی سەر سنگت وا لە من بووەتە دڕکی ژەهراوی بە ژەهری مەرگباری لەشم هەڵدەگێرێ و نابودم دەکا؟... ئای شاخەکان، قەڵاکانی دوینێم...!! بۆ دەنگتان لێ نایەو گوشاری خۆف و خەفەتتان هاویشتووە سەر جەستەم؟ هۆ دەشتەکانی گەرمیان و شارەزوور بۆ شنەی بۆن خۆشتان ڕێ ناکەوێ؟ ئاخر ڕەشەبا پشووی لێ بڕیم! هۆ یارانی زازا، کرمانج، گۆران و سۆران! لە ئێوە دەپرسم، مەگەر مینا هی من نیەو دیلانی ژیانی هاوبەشیمان نەگێڕاوە؟!

– مینا گیان! ماوەیەکە زۆر هەست بە دووریت دەکەم. لە دووریت دایم برسی و تینووم، لە حاڵێکدا، ئێستا بە هێزترین خواردەمەنی دووعا بەسەردا خوێنراوی ئیمامەکانم لەبەردەست دایە و زۆڵاڵ و ساردترین خواردنەوەی تورکستانم لە لایە، دیسانیش هەرچی دەخۆم و دەخۆمەوە تینوویێتیم ناشکێ و برسێتیم دوایی نایە. بڕوانە!!... سەرەڕای ئەو




www.arsivakurdi.org

# ڕاگەیاندن

## بۆ کۆمەڵەکانی ئەندام و ڕای گشتیی کوردەکانی دانیشتووی سوید

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان بە بەشداریی ١٥٣ نوێنەری هەڵبژێراو لە ٣٨ کۆمەڵەی ئەندام ، یەکێتیی ژنان ، لاوان ، نووسەران ، یاسازانانی کورد و ئۆرگانەکانی لە ڕۆژانی ١٠-١٩٩٩/٤/١١دا کۆنگرەی هەژدەیەمینی خۆی لە ژێر دروشمی « ئێمە بە یەکەوە بە هێزترین »دا پێکهێنا.

نوێنەری پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، پارتی چەپی سوید، پارتی ژینگەی سوید، پارتی گەلی سوید، سەرۆکی دەزگای ABF ، نوێنەری ڕێکخراوی هاوکاری فیدراسیۆنەکانی بیانی SIOS ، کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی، نوێنەری حکومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان ، میوانی کونگرەی هەژدەی فیدراسیۆن بوون. هەروەها دەرگای کۆنگرە بۆ هەموو کەس کراوە بوو.

کۆنگرە دوای بژاردنی نوێنەرانی بەشدار، سەرەتا کۆمیتەی بەڕێوەبەری (دیوان)ی هەڵبژارد و بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کرایەوە. پرۆگرامی کاری کۆنگرە پەسەند کرا. سەرۆکی فیدراسیۆن و میوانەکان وتاری خۆیان خوێندەوە. دوو کۆمیتەی کار بۆ کۆکردنەوەی پێشنیاری نوێنەران و بژاردنی دەنگەکان هەڵبژێران و سەرۆکی یەکێتیی ژنانی کوردستان و سەرۆکی یەکێتیی لاوانی کورد وتاریی خۆیان خوێندەوە.

ڕاپۆرتی خەبات و ئابووری کۆمیتەکانی کاری کۆمیتەی گشتی کەوتنە بەرباس و گفتوگۆیان لەسەر کرا و دوای ڕوونکردنەوەی چەند خاڵ ، دەنگیان بۆ درا و بە تێکرایی دەنگ پەسەند کران.

کۆنگرە لە ڕۆژی دووهەمیدا پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆنی،(کە ماوەی ساڵێک بوو لەلایەن کۆمیسیۆنێکەوە و بە هاوکاریی کۆمەڵەکان و ئۆرگانەکانی ئامادە کرد بوو،) خستە بەرباس و بە تێروتەسەلی گفتوگۆی کرد و پێشنیاریی کۆمیسیۆن بە ٩٨ دەنگی لەگەڵ ، ١٤ دەنگی دژ و ٥ بێدەنگ پەسەند کرا.

دوای پەسەند کردنی پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆنی، کۆمیتەی ڕاوێژ لە ڕاپۆرتێکدا ناوی پاڵێوراوەکانی بۆ ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن ئاراستەی کۆنگرە کرد و ڕایگەیاند کەسانی دیکەش دەتوانن ناوی خۆیان لە لیستەی پاڵێوراواندا بنوسن ، کە چەند کەس ناوی خۆیان نوسی. لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نهێنی دا، ئەندامانی بۆ ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن هەڵبژێران.

کۆنگرە لە درێژەی خەباتی خۆیدا ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشنیاری ئەندامانی خستە بەر باس و سێ بڕیاری لەسەر پرۆسەی ئاشتیی کوردستان ، مەحکوم کردنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریە و هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەلی کورد پەسەند کرد. کۆنگرە هەروەها سوپاسی هەموو ئەو ڕێکخراو و کەسایەتیانەی کرد، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان بە ناردنی پەیام بەشداری کۆنگرەی هەژدەی فیدراسیۆنیان کرد بوو.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید
١٩٩٩/٤/١٢

**ئەندامانی هەڵبژێراو بۆ ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن**

کۆمیتەی کارگێڕ

١- کەیا ئیزۆڵ
٢- حامید گەوهەری
٣- گۆڤان ئامیدی
٤- عاسی ڕەباتی
٥- سەلام جەزیری
٦- عادل ئەنوەر
٧- چیاڤان بامەڕنی
٨- فەخری ئولچەر (جێگر)
٩- ئەوین چەلەن (جێگر)
١٠- نیمەت چەلەبلی (جێگر)

کۆمیتەی گشتی

١- ساڵح دەمیر
٢- لوقمان ئەرتاش
٣- ئەمین سندی
٤- گوڵستان ئەل ئالتون
٥- شۆڕش بەرزەنجی
٦- کامەران شوان
٧- تەیموری خەلیل
٨- نوری ساڵح
٩- زینەت باڵ
١٠- عەتا ئالا
١١- ڕەحمان حەسەن
١٢- ئیحسان شەنەر
١٣- گۆران جاف (جێگر)
١٤- ئەحمەد سندی (جێگر)
١٥- سەعید ئەردەم (جێگر)

کۆمیتەی ڕێڤیسۆر

١- ڕەشید بورهان
٢- وەقاز چەلیک
٣- فەلات قۆڕ کەیا
٤- شەوین ئیزۆڵی (جێگر)

کۆمیتەی ڕاوێژ

١- خالید خۆجە
٢- شۆڕش بەلاد هادە
٣- کەمال مهاجر
٤- مستەفا ئایدۆغان
٥- عەزیز ئالش
٦- دیجلە قزل (جێگر)
٧- حاجی کاردۆخی (جێگر)

www.arsivakurdi.org

پێویستە ئاسۆی نوێ و گرنگی بۆ دیاریی بکات.

**ڕوو ڕەشکردنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری تورکیا:**

فیدراسیۆن بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی مێژووی خوێناوی و دژواری تورکیا، کۆماری تورکیای ڕووڕەش کرد. فیدراسیۆن پلانێکی بەرفراوانی بە بەشداریی کەسانی دیار لە حکومەتی سویددا داڕشت. هەرچەندە لایەنی کوردی لەو چالاکییەدا زۆر بەهێز نەبوو، بەڵام چالاکییەکە وەک ئامانج ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو و تەئسیری مەزنی لەسەر کرداری دوژمنە داگیرکەرەکان دانا. فیدراسیۆن لەو چالاکییەیدا، بە چەکی حکومەتی تورکیا لە تورکیای دا و ئەوانی شەرمەزار کرد.

**هەڵوێستی فیدراسیۆن لەسەر ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ئۆجەلانەوە:**

دوای هاتنی ئۆجەلان بۆ ڕۆما و تا تەسلیم کردنەوەی بە تورکیا، فیدراسیۆن چوار بەیاننامەی بڵاوکردەوە و نامەیەکی ڕەسمی ڕەوانەی سەفارەتی ئیتالیا کرد. خاڵی سەرنجراکێش لەو هەڵوێستانەدا، ئەوە بوو کە کۆمیتەی کارگێڕ و گشتیی بەیەک دەنگ پشتی ئەو هەڵوێستەیان گرت، بەڵام هەندێ کۆمەڵەی ئەندام ڕەخنەیان لە فیدراسیۆن گرت و گوتیان فیدراسیۆن دەبوو لەم بارەیەوە خەباتێکی پتر بکات. لە لایەکی ترەوە، هەندێ کۆمەڵە گوتیان فیدراسیۆن دەبووایە بێ هەڵوێست بێ و نەدەبوو خۆی تێکەڵی ئەوکارانە بکات. بە بۆچوونی ئێمە هەر دووی ئەوانە هەڵەن.

ژیان و خەبات لە چوار پێنج مانگی ڕابردوودا پیشانی دا، هەڵوێستی فیدراسیۆن ڕاست بوو و ڕەخنەکان لەجێ دا نەبوون. گرنگ ئەوەیە، کە ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن بە یەک دەنگ لە پشت هەڵوێستی خۆیان ڕاوەستان. ئەو هەڵوێستەی فیدراسیۆن لەسەر بنچینە و پرنسیپێک وەرگیرا، کە فیدراسیۆن لە ئەزموونی ١٧ ساڵەیدا بەدەستی هێناوە.



**بەربانگ:**

لەبەر کەموکوڕی لە ستروکتوری فیدراسیۆندا، وەک دەمانویست ساڵی ڕابردوو کاری بەربانگ بەڕێوە نەچوو و نەمانتوانی پتر لە چوار ژمارە بەربانگ بڵاو بکەینەوە. هیوادارم کۆنگرەی ١٨ بتوانێ گۆڕانکاریی پێویست بەجێ بێنێ تا بەربانگ بە بەردەوامی پارێزگاریی لێ بکرێ. پێویستە ئەندامانی فیدراسیۆن بزانن، بەربانگ کەی دەردەچێ، لە چەند لاپەڕدا دەردەچێ و تا چ ڕادەیەک ڕای خوێنەرانی وەردەگرێ و چەندە لە دڵی خوێنەرانیدا جێ دەکاتەوە. نابێ لەبیر بکەین کە بەربانگ گۆڤاری ئەندام و لایەنگرە دڵسۆزەکانی فیدراسیۆنە و دەبێ بەم تێڕوانینییە درێژە بە ژیانی بدات. بەشی سویدی بەربانگ کە لە شەش ژمارەی دوایی دا بڵاوکراوەتەوە، پێویستە جێ بگرێ و دەوڵەمەندتر بکرێت بکات. بەربانگ دەبێ دەستەی نووسەرانی تایبەتی هەبێ.

**فیدراسیۆن لە ئینترنێت دا:**

دوای هەوڵدانێکی زۆر، فیدراسیۆن، بەربانگ، یەکێتیی ژنانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کورد بەرلە کۆنگرە لە ئینترنێت دا جێیان گرت.

**دوا وتە:**

فیدراسیۆن ساڵی ڕابردوو بە هەموو کەموکوڕییەوە، بە خەبات و چالاکی دەوڵەمەند جێگەی خۆی لەنێو کوردەکانی سویددا پاراست. تەنانەت دەتوانم بڵێم ڕای گەلێک خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشا و ئەوانی لە خەباتی فیدراسیۆن نزیک کردەوە. لەنێو خەباتی فیدراسیۆندا، ڕەخنە و پێشنیاری دۆستانەیان کرد و لە لایەن کۆمیتەکانیشەوە بەباشی کەڵکیان لێ وەرگیرا. ئێمە هەوڵماندا فیدراسیۆن ڕۆڵی خۆی بە دروستی و بەپێی پرنسیپی خۆی بەرەوپێش بەرێ. ڕەخنە و ویستی جۆراوجۆر خەباتی ئێمەی بەهێز کرد. مەبەستی هەموو لایەکیش ئەوە بوو، کە فیدراسیۆن وەک دەزگایەکی نەتەوەیی، دیموکراتی مۆدێرن و نوێنەری کوردی دانیشتووی سوید بە شێوەی پۆزەتیف لە خەباتیدا بەردەوام بێ.

بە ئاواتی سەرکەوتنی کۆنگرەی هەژدەی فیدراسیۆن

www.arsivakurdi.org

# وتاری سەرۆکی فیدراسیۆن
# لە
# کۆنگرەی هەژدەهەمین دا

سالێکی تر بەسەر خەبات و تێکۆشانی سەخت و دژواری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکاندا تێپەڕی. لەم ڕوانگەیەوە، بە ناوی سەرۆکی فیدراسیۆنەوە دەمەوێ ئەم تێبینییانەی خوارەوە ئاراستەی کۆنگرەی هەژدەی فیدراسیۆن بکەم.

لە کۆنگرەی ١٧دا گەلێک گۆڕانکاری پێویست بوو، کە لە پرۆگرام و ستروکتوری فیدراسیۆندا بکرێ، بەڵام مخابن کۆنگرە لە بەجێ هێنانی ئەو ئەرکەیدا سەرنەکەوت. لەبەر ئەوە ئێمە لە کار و خەباتی ساڵی ڕابردووی فیدراسیۆندا، گەلێک گیروگرفتمان هاتە ڕێ، چونکە لە کۆنگرەی ١٧دا پێشنیاری کۆمیسیۆنی ستروکتور پەسەند نەکرا، ئەمساڵ پێویستە کۆنگرە زۆر بەجیدی بایەخ بدات بە پێشنیاری کۆمیسیۆنی ئامادەکردنی پرۆگرامی نوێی فیدراسیۆن. بە کورتی گۆڕانکارییەکانی پێویست ئەمانەن:

ئا– ئەرکی ئەندامانی کۆمیتەی گشتیی و کارگێڕ دەبێ بەڕوونی لە پرۆگرامی فیدراسیۆندا بگونجێن.

ب– بە بوونی سکرتێری فیدراسیۆن لە پرۆگرامدا، بوونی جێگری سەرۆک زیادەیە و پێویستە لە پرۆگرام هەڵگیرێ.

پ– ئەرکی سەرۆکی فیدراسیۆن دەبێ بەڕوونی دەستنیشان بکرێ لە پرۆگرامدا.

ت– کۆمیتەی پەیوەندییەکانی ناوخۆ دەبێ سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە. ئەندامانی کۆمیتەکانی هەرێم پێویستە ئەرکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن.

ج– مافی ئەندامەتی کۆمەڵەکان پێویستە چارەسەر بکرێ و بە ڕوونی لە پرۆگرامدا دەستنیشان بکرێ و خاڵەکانی پرۆگرام جێبەجێ بکرێن.

کورد وەک کۆمەڵێکی بیانی لە سوید، هێندێک چالاک دێتە بەرچاو و جاری وا هەیە ڕووداوەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە ڕۆژان و بگرە بە چەند مانگ جیهان و سوید دەهەژێنن. لە ڕووداوی ئەوتۆدا، فیدراسیۆن پێویستە ئامادە بێ لە بەرامبەر ڕای گشتیی ئەندامانیدا. ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو دەریان خست، بوونی فیدراسیۆن چەندە گرنگ و پێویستە.

مەسەلەی ١٧ لاوی کوردی فڕێنراو لە سوید، کارەساتی سووتانی دیسکۆی هیسینگی یوتبۆری، پرۆسەی ئاشتیی لە باشووری کوردستان، هاتنی ئوجەلان بۆ ڕۆما و دانەوەی بە دەوڵەتی تورکیا، کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، کارێکی مەزنیان کردە سەر خەباتی فیدراسیۆن. بێگومان ئەمانە شتێکی سروشتیین، بەڵام مخابن مەسەلەی کورد هەر ئەوەندە نیە، کە ئاماژەم پێکرد.

مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک ڕووداوەکانی تر لە ئارا دایە. مەسەلەی ناکۆکی نەوەکانمان و لێک دوورکەوتنەوەیان و کێشەی منداڵان و لاوان، مەسەلەی پێناسەی نەتەوەیی، مەسەلەی پەنابەرانی کورد و ....هتد هەر دێت و گەورە و دژوارتر دەبێ. وەک بڵێی هەموو کێشە دژوارەکان ملی کوردیان گرتووەتەوە. ئەمساڵیش لەنێو کارەکاندا، هەندێ جار خۆمان بە دواکەوتوو دەبینین، دیارە ئەم حاڵە تا ماوەیەکی تریش هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ. فیدراسیۆن بەپێی توانا وەڵامی بەشێکی ئەو کێشانەی داوەتەوە، هەرچەندە ئاسان نەبووە.

لە ساڵی ڕابردوودا، نزیکەی پازدە جار ناوی فیدراسیۆن لە چاپەمەنییە سویدییەکاندا کەوتە بەرچاو و گرنگی خەباتی (پرۆفێسیۆنال) هاتە ئاراوە.

**هەوڵدان بۆ بەجێگەیشتنی پرۆسەی ئاشتی لە باشووری کوردستان:**

دەستەی نوێنەرایەتی فیدراسیۆن کە لە سێ کەس پێکهاتبوو، چوون بۆ باشووری کوردستان. دیتن و بۆچوونی کۆنگرەی ١٧ی فیدراسیۆنی لەم بارەیەوە بە نوێنەرانی پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان ڕاگەیاند.

سەردانی باشووری کوردستان لە دوولاوە گرنگ بوو. یەکەم ئاشتیی پێکهات و دووهەم گەلی باشووری کوردستان باشتر فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانیان ناسی. هیوادارم پرۆسەی ئاشتی تا گەیشتن بە ئامانجی فیدراڵی بەردەوام بێ.

**سووتانی دیسکۆی یوتوبۆری:**

فیدراسیۆن لە کارەساتی سووتانی دیسکۆی هیسینگی شاری یوتوبۆریدا، کە هەموو خەڵکی سویدی خەمبار کرد، بەرپرسیاریی خۆی لە بەرامبەر بنەماڵە دڵسووتاوەکاندا بەجێ گەیاند. لە ڕۆژی ئەوتۆدا، کوردی بێ دەوڵەت دەبێ بۆخۆی هەستێتە سەرپێ. بۆیە فیدراسیۆن لە پلەی نوێنەری کوردی سویددا ئەرکی خۆی بە ئەنجام گەیاند.

**مەسەلەی تێکەڵاوی (ئینتێگراشیون):**

فیدراسیۆن لە کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی خۆیدا لەسەر مەسەلەی تێکەڵاوی بڕیاری گرنگ و بە سوودی وەرگرتووە، هەروەها لە بارودۆخی بنەماڵەکان و ناکۆکی نێوان نەوەکاندا بەجیدی هەوڵی داوە. ئەو کێشەیە ئەمڕۆش لە بەرنامەی کاری خۆی و کۆمەڵەکانی دایە و کۆنگرەی هەژدەش

www.arsivakurd.org

## سەروتار

# بە پێشوازیی سەدەی بیست و یەکەم

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید لە مانگی نیسانی ١٩٩٩دا هەژدەهەمین کۆنگرەی خۆی پێک هێنا. ١٥٣ نوێنەر لە سەرانسەری وڵاتی سویددا بەشداری کۆنگرە بوون و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەسەر کێشەی نەتەوەی کورد باس و گفتوگۆیان کرد. لایەنی باش و خراپی کۆنگرە پێویستی بە هەڵسەنگاندنی کوردەکانەوە هەیە. بەشداریکردنی ئەو نوێنەرانە، پەیوەندییەکانی فیدراسیۆن و بڕیارەکانی کۆنگرە جارێکی تر پێشانیان دا فیدراسیۆن هەتا دێ لەنێو کوردەکانی نیشتەجێی سویددا جێی تایبەتی خۆی دەپارێزێ. بڕیاری کۆنگرەی هەژدە لەسەر مەحکوم کردنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و بە تایبەتی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا کە گوشارێکی زۆریان خستووەتە سەر گەلی ئێمە، هەڵوێستێکی دروست حیساب کراو بوو.

کۆنگرەی هەژدە داوای لە هەموو ڕێکخراو و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کرد تا هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاشتی بدەن و بە زووترین کات بە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیدا چارەنووسی گەلی ئێمە لە باشوور روون بکەنەوە. هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا فیدراسیۆن بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەبەستە، شێلگیرانە تێبکۆشێ.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیی دا بە ئاسانی دەبینین، کە فیدراسیۆن لە پلەی ڕێکخراوێکی کوردی نیشتەجێی سوید، گەلێک ئیمکاناتی مەزن و کادێری بە ئەزموونی هەیە کە بتوانین کەڵکیان لێ وەرگرین، بەڵام تا ئێستاش فیدراسیۆن ناتوانێ لە هەموو ئەو ئیمکاناتە کەڵک وەرگرێ، کە لە دەستی کوردی نیشتەجێ لە سویددا هەیە. ئەمانە هۆی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پێویستە هەموو بە یەکەوە ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزینەوە.

**بەربانگ:**

بە بۆنەی کاری کۆنگرەی ١٨، نەورۆز و فێستیڤاڵی لاوان، بەربانگی ژمارە ١١١ هەندێک دوا کەوت. هەموو ساڵی هەوڵ دەدەین کاری کۆنگرە و چالاکییەکانی تر کار نەکەنە سەر بەبانگ، بەڵام بەداخەوە ئەو سیستەمەی ئێمە پەسەندمان کردووە بۆ بەربانگ، هەموو جارێ تووشی ئەو کەموکورتی یەمان دەکات، کە دەبێ بە زووترین کات ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزینەوە.

**دۆزی ئەمڕۆی کوردستان:**

کێشەی کورد بە وردی لە ڕۆژهەڤی دنیا دایە. هەموو ڕۆژێ لە دنیادا شتی نوێ لەسەر مەسەلەی کورد ڕوو دەدات. پەیوەندی و دانوستاندنێکی مەزن لەسەر مەسەلەی کورد پێک هاتووە. دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بە تایبەتی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا، دوای ڕفاندنی ئۆجەلان و دوای سەرکەوتنی هێزە ڕەگەزپەرەستەکان لە هەڵبژاردنی تورکیادا، گوشاری خۆیان بۆ سەر گەلی کورد زیاد کردووە و لەم بارەیەوە هیچ ترسیان نییە و لە تورکیا و تەنانەت لە دەرەوەش بە ئاشکرا دەجوڵێنەوە و خەباتێکی یەکگرتووی دیپلوماتی دژی هێزە کوردییەکان بەڕێوە دەبەن. ئێمە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە دەرەوەی وڵات پێویستە ئامادەی وەڵام دانەوەی ئەوان بین. لە گوتاری سیاسەتمەدارە سویدییەکان لە کۆنگرەی هەژدە و فێستیڤاڵی لاواندا دەرکەوت، کە زەمینەیەکی باش بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد هەیە. فیدراسیۆن دەبێ بە هەموو تواناوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ، هەرچەندە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لەسەر کێشەی کورد ئەوەندە بەپەلە سەرهەڵدەدەن، کە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵیان دا دژوارە و مرۆڤ ناتوانێ بەشێوەیەکی شیاو کاریان لەسەر بکات.

**فێستیڤاڵی لاوان:**

ئەمساڵ بۆ یەکەمجار فیدراسیۆن، یەکێتیی لاوان و ABF بەیەکەوە فێستیڤاڵی لاوانیان پێک هێنا. فێستیڤاڵ بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ بە سیمنار، کۆنفرانس و شەوئاهەنگ ڕازایەوە. گەلێک سیاسەتمەداری ناسراو بەشداریی پانێلەکانیان کرد. هەروەها لەسەر مەسەلەی تێکەڵاوی و مەسەلەی لاوان چەند پانێل ئامادە کرا و بە سەدان کەس بەشدارییان تێدا کرد. پەیوەندی نزیک لەو چالاکی یانەدا بەدەست هات و چەند لایەنی فێستیڤاڵەکە سەرکەوتو بوون و هیوادارین هەموو ساڵێ پێک بێ.

لە دەست پێکردنی سەدەی بیست و یەکەمدا گەلێک ئەرکی گرنگ دەکەونە سەر شانی فیدراسیۆن و ئەندامانی و دەبێ خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و هەوڵی جێبەجێ کردنی بدەن.

جیهانی ئەمڕۆ لەم بارەیەوە کە ناحەقی یەکی زۆری لە نەتەوەی کورد کردووە، بە شەرمەزارییەوە پێ دەنێتە سەدەی بیست و یەکەم و شەرمێکی مەزنیشە کە بە ڕاشکاوی بۆ چارەسەر کردنی مافی نەتەوەی کورد هەنگاو هەڵناگرن. هەروەها بۆ ئێمەی کوردیش جێگەی شەرمەزارییە کە لە سەدەی بیستەمدا نەمانتوانیوە خۆمان لە دەست داگیرکەران ڕزگار بکەین.

www.arsivakurd.org

# ناوەڕۆک


– وتاری سەرۆکی فیدراسیۆن لە کۆنگرەی هەژدەهەمین دا .. ل ٣
– ڕاگەیاندن بۆ ............................................ ل ٦
– شەوە زەنگ ......... سیامەند شێخ ئاغایی ............ ل ٧
– کورد بەرەو پەرلەمانی ئەوروپا........................ ل ٩
– دوو کتێبی نوێ .......... نەوزاد وەلی .......... ........ ل ١٠
– گەڕان لە دووی ژن ........ حەمە سەعید حەسەن ........ ل ١١
– سانسۆر ............ حامید گەوهەری ................ ل ١٢
– بەربانگ و خوێنەران .............................................. ١٣
– کورد بەرەو پەرلەمانی ئەوروپا........................ ل ١٤
– نەورۆز. شیعر........... ئەمین سندی ................. ١٥
– دڵنیایی . شیعر..........حەمە سەعید حەسەن............ ل ١٥
چەند چالاکییەکی فیدراسیۆن:
– سەرۆکی پارتی کاری سەربەخۆ سەردانی فیدراسیۆنی کرد ل ١٦
– یادی کارەساتی شومی هەڵەبجە ......................... ل ١٦
– جەژنی نەورۆز لە شکۆیەکی مەزندا ..................... ل ١٧
– نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی سەردانی فیدراسیۆنیان کرد ........................................ ل ١٧
– نوێنەرانی لاوان لە ڕوسیا ................................ ل ١٨
– سمینارێک لەسەر دۆزی کورد لە تورکیا......................ل ١٨
– دوکتۆر شەوکەت بامەرنی سەردانی فیدراسیۆنی کرد......ل ١٨
– فستیڤاڵی لاوانی کورد لە ستۆکهۆڵم .......................... ل ١٩
– ڕۆژی جیهانی کرێکاران ........................................ ل ١٩
– حکومەتی مەدەنی ......... حامید گەوهەری ............ ل ٢٠


# بەربانگ


زمارەی ١١١ ساڵی ١٧ (١٩٩٩)

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد
خاون ئیمتیاز: کەیا ئیزۆڵ
بەڕێوەبەری ئیداری: عادل ئەنوەر

دەستەی نووسەران:
حامید گەوهەری
نەوزاد وەلی

مونتاژ
حامیدی گەوهەری

ئابوونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان: ٢٠٠ کرۆنی سوێدییە
نرخی یەک دانە: ٢٥ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەرەوەی سوێد: ٤٠ دۆلاری ئەمریکی
بۆ دەزگاکانی دەرەوەی سوێد: ٦٠ دۆلاری ئەمریکی



**ناونیشان:**

Berbang
Box 490 90 Stockholm
Tel: 08- 652 85 85
Fax: 08- 650 21 20
پۆستگیرۆ: 8- 80 38 64


دەستەی نووسەران مافی ئەوەی هەیە، ڕێنووسی وتارەکان ڕاست بکاتەوە و بەو شێوەیەی دەگونجێ، کورتیان بکاتەوە .
دەستەی نووسەران لە ناوەڕۆکی وتارەکان بەرپرسیار نییە

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد لە ١٩٨١/٦/٦ دامەزراوە .
زمارەی یەکەمی بەربانگ لە مانگی ١٩٨٢/٧دا بلاوکراوەتەوە

# بەرانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید

ژمارە ٣٦ ساڵی ١٩٩٩

